# پێشەكی

زۆرن ئەو دیدو تێڕوانینانەی باس لە ڕۆڵو نەخشی تاكەكەس دەكەن لەئاڕاستەپێدانی مێژوودا، بەتایبەت بۆ ئەو نەتەوەو گەلەكانی كەهۆشیاریی گشتیی لەئاستی گشتیدا وەكو پێویست نەبێت، بایەخی كەسایەتییە كاریگەرو خولقێنەرەكان زۆرتر دەردەكەوێت.

بۆ هەمان مەبەست هەوڵمانداوە ئەم توێژینەوەیە تایبەتبكەین بە(حەمە ڕەشید خانی بانەو ڕۆڵی لەشۆڕشی ئەیلەلدا ١٨٨٩- ١٩٧٤)، كەبەگشتی هەوڵمانداوە خوێندنەوەیەكی كورتو پوختو پڕمانا بۆ ئەو قۆناغە هەستیارەی مێژووی گەلەكەمان بكەینو شوێن دەستی حەمە ڕەشید خانی بانە لەو قۆناغەدا دیاریبـــكەین.

لەم پێناوەشدا هەوڵمانداوە بە میتۆدێكی (مێژوویی -شیكاریی) خوێندنەوەیەكی خێرا بۆ ئەم بابەتە بكەین، هاوكات توێژینەوەكەمان بەسەر دوو بەشی سەرەكیدا دابەشكردووە، لە بەشی یەكەمو لەمیانەی باسی یەكەمدا باسمان لە ژیانو تەمەنو هەوڵو كارەكانی حەمە ڕەشید خانی بانە كردووە، هەر لە لەدایكبوونیەوە بۆ سەردەمی منداڵیو گەنجیو خوێندنو پێگەیشتنی هەتا مردنی، لە باسی دووەمدا تیشكمان خستۆتەسەر باردودۆخی سیاسی كوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٦١)و دەرەنجامەكانی دوای جەنگی جیهانییو كاریگەریی بەسەر كوردو ناوچە كوردییەكانەوە شیكراوەتەوە .

لەبەشی دووەمدا، لە باسی یەكەمدا باسی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ كراوە، دروستبوونو هۆكارەكانی شۆڕشو هەوڵەكانی مەلا مستەفاو بارزانیەكانمان شیكردۆتەوە، پاشان گرنگیو بایەخی شۆڕشمان باسكردووە، كاریگەریی شۆڕشەكەمان لەئاستی ناوخۆو دەرەكی ڕوونكردۆتەوە، هەروەها ڕێكەوتنامەی جەزائیری ١٩٧٥و شكستی شۆڕشەكە ئاماژەی پێدراوە.

کۆتا باس بۆ رۆڵی حەمە ڕەشید خانی بانە لە مێژووی کوردو هەوڵو تێکۆشانەکانی وەك سەرکردەیەکی دیاری قۆناغێکی هەستیاری مێژووی کورد تەرخان کراوە، باسمان لە یارمەتیەکانی بۆ سوپاکەی مام جەلالو هەوڵەکانی وەك سەرکردەیەك لە شۆڕشی ئەیلولداو هەوڵەکانی بۆ ئازادکردنی پێنجوێنو خەونو ئاواتەکانی کردووە.

دیارە نوسینو توێژینەوە کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت قسەکردن لەسەر بابەتێکی گرنگو قۆناغێکی پر لە ململانێی وەك مێژووی کورد، بەتایبەتر سالأنی دوای جەنگی جیهانی دووەمو سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و دواتر سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١، چونکە بەشێکی زۆری مێژووی کورد کەوتۆتە بەر ڕەحمەتی مێژوونوسە دەرەکییەکان، بەپێی تێڕوانینی خۆیانو لە گۆشە نیگای خۆیانەوە مێژووی کوردییان نوسیوەتەوە، بەشێکی تریش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سەرکردەو کەسایەتییە دیارەکان، کە لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا مێژوویان نوسیوەتەوە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی نەبوونی کاتی پێویستو کەمی سەرچاوەی باوەڕپێکراو، زۆر گیروگرفتمان هاتە پێش لە کاتی نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیەدا.

لە کۆتایدا سەرباری کەمو کورتی هیوامان وایە بابەتێکمان نوسی بێت، شایەنی خوێندنەوە بێت ...

# بـــەشی یــەکەم

# حەمە ڕەشیدخانی بانە لە نێو ڕووداوە سیاسیەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان

## ١٨٨٩-١٩٦١

## باسی یەکەم- ژیان و کەسایەتی حەمە ڕەشیدخان:

حەمە ڕەشیدخانی کوڕی قادرخانی کوڕی عەبدوڵلابەگی کوڕی بارام بەگە، لەبەگزادەکانی بانەن، لەساڵی (١٨٨٩) لە گوندی (شێوە گوێزان)ی ناوچەی شلێر لەدایکبووە[١]. لەم ڕووەوە (ویلیام ئیگلتن) کەوتۆتە هەڵەوە کاتێك حەمە ڕەشیدخانی بۆ (یونس خانی بانە) گێڕاوەتەوە[٢].

سەرەتای ژیانی لە گوندەکانی (شێوە گوێزان، وێنە، نەتۆر) تێپەڕاندووە، دواتر لە تەمەنی حەوت ساڵی لای مامۆستایانی ئاینی ناوچەکە خراوەتە بەرخوێندنو لەحوجرەی مزگەوتەکانی ناوچەکانی (پێنجوێنو بانە)خوێندویەتی، ئەگەرچی لەخوێندن بەردەوامنەبوو، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا زانیاری باشی لەسەر زانستە ئاینیەکانو خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزو بەرهەمەکانی (گوڵستانو بوستان)ی شاعیری گەورەی ئێرانی (سەعدی)و (حافزی شیرازی) پەیداکردووە[٣].

دەورانی منداڵی حەمە ڕەشیدخان و پەروەردەی خێزانی، لەوەها خێزانو بنەماڵەیەکی گەورە لەدەسەڵاتی ناوچەییو زۆر لە ژمارەدا ئاسان نەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەلاوی برا گەورەکەی (ئەحمەد)و بەدوایدا (قادرخان)ی باوکی لەساڵی (١٩٢٥) کۆچی دواییانکرد[٤].

پاش کۆچی دوایی باوکی دەسەڵاتی گوندەکانی ناوچەکانی بەدەستەوەگرتووە[٥]، موڵکێکی زۆریان لە نێوان بانەو پێنجوێندا هەبوو[٦]، پانزە گوند لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو، کەسەرچاوەیەکی دارایی باشبوو بۆ حەمەڕەشیدخان، بەڵام ئەویش دادپەروەری بۆ

---

[١] د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی رزگاری خوازی نەتەوەی گەلی کورد (١٩٣٩-١٩٧٩)، چاپخانەی (سیما)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٦٨

[٢] د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: حەمە رەشیدخانی بانە، دەزگای ڕۆشنبیری جمال عیرفان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٣٢-٣٣

[٣] هـ . س، ل ٣٤

[٤] هـ . س، ل ٣٥

[٥] موحسین خالیدی: روانینێك بۆ کوردستانی (بانە)، گۆڤاری سروە، ژمارە ١١٧، ل ٥٠

[٦] د.یاسین سەردەشتی: س.پ، ل ٦٨

**فەراهەمکردبوون و لە هەڕەشە و مەترسی دەیپاراستن[٧]، دیارە ئەوەش بەهۆی ئەوەی (حەمە ڕەشیدخان) کەسایەتیەکی ناسراوو خاوەن عەشرەت بوو[٨].**

**(میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی) لەم بارەوە پێیوایە ئەو (کەسێکی زۆر لێهاتوو ئازاو شەڕزان‌و فەرماندەیەکی زۆر چاپووک‌و بەپلان بووە، بەبێ ئەوەی لەهیچ قوتابخانەیەکی سەربازیی خوێندبێتی، بەڵام لە زۆر پلانی سەربازیدا پێش ئەفسەرەکانی ئێران کەوتووە).[٩]**

**حەمە ڕەشیدخان بالآیەکی مامناوەندی هەبووەو قەڵەو نەبووە و سورو سپی بووە، حەزی بەڕاوکردووەو لەکاتی خۆیدا ڕاویکردووە، عەینەکی هەبووەو گۆچانی بەدەستبووە[١٠]، پیاوێکی لەسەرخۆبووە، جگەرەی نەکێشاوەو هیچ مادەیەکی کحولیشی نەخواردۆتەوە، دیوەخانێکی گەورەی هەبوو، پێگەی شۆڕشگێڕانی کوردو حەسانەوەی ڕێبوارن بوو، هیچ موچەیەکی نەبووە، تەنها ئەو داهاتانە نەبێت کە لەدێهاتەکانەوە وەریدەگرد.[١١]**

**پیاوێکی راستگۆو دادپەروەربووە، بەشێوەیەك هەرکەسێك لەژێر دەسەڵاتی ئەودا ماڵەکەی تالآن بکرایەو بچوایەتە لای ئەو، فلس بە فلسی بۆ وەرئەگرتەوەو نەدەهێشت ماڵی هیچ کەسێك بخورێت، نەیدەهێشت کەس ستەمی لێبکرێت‌و ستەمیشی لەکەس نەکردووە.[١٢]**

**کەریم زەند لەکتێبەکەیدا بەمجۆرە لەسەر حەمەڕەشیدخانی نوسیووە: "حەڕەشیدخان، مرۆڤە، شامێرو کەڵەیە، مەزنە، کەڵە پیاوی سەردەمی خۆیەتی، بتەوێ یاخود نەتەوێ".[١٣] حەمە ڕەشیدخان بەو کەسایەتییەوە لە ماوەی ژیانیدا چوار ژنی هێناوە، بە ناوەکانی (نەجیبە**

---

[٧] چاوپێکەوتنی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن) رۆژی دوو شەمە بەرواری ٢٠-٢-٢٠١٧، ماڵەکەی خۆی لە سلێمانی

[٨] عەمید عبدالکریم حەوێزی: گەشتێك بە کۆماری مهابادا، بیرەوەرییەکانم لە رۆژهەلاتی کوردستاندا (١٩٤٤-١٩٤٧)، چاپخانەی (ئاراس)، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠١، ل ٤

[٩] میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ وە هەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، چاپی دووەم، سلێمانی، ل١٩٤.

[١٠] هیجرەت محمد رەشید: حەمە رەشیدخانی بانە و ڕۆڵی لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردیدا، توێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسی یە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، ٢٠٠٩چاپخانەی نییە، ٢٠١٠، ل ١١

[١١] چاوپێکەوتنی (کەریم زەند)، رۆژی یەك شەمە، بەرواری ٥-٢-٢٠١٧، سلێمانی، ماڵەکەی خۆی .

[١٢] چاوپێکەوتنی پێشوو لەگەڵ (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن) .

[١٣] کریم زەند: (خەرمان-شارا) گۆڤاری وەتەن، ئەرشیف، چاپخانەی (بەدرخان)، چاپی یەکەم، هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی ٢٠٠٣، ل ٥٣٤

سلێمان، سەکینە سەید ڕەزا، عەدلە حمەصالح، تەلیحە حمەصالح)، هەروەها دوو کوڕی بە ناوەکانی (مەجید ١٩٢٢-١٩٩٤)و (ئەنوەر ١٩٢٤-٢٠١٠) هەبووە، کەبەدرێژایی تەمەنی لە ژیانی ئاسایی و خەبات و ئاوارەییدا، هاوڕێ و هاوسۆزو هاوبیری بوون.(١٤)

لەماوەی ژیانیدا چەند جارێك لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستگیرکراوەو دوورخراوەتەوە، لەوانە دوورخرانەوەی بۆ شارەکانی (کەرکوك، موسڵ، ئامێدی، ...، هتد). کاتێك کابینەکەی (نوری سەعید) دەستبەکاربوو، لەیەکێك لەکارەکانی فەرمانی بە (ئەحمەد تۆفیق بەگ)ی موتەسەریفی لیوای سلێمانیدا ئەرکی دەستگیرکردنی (حەمە ڕەشیدخان) جێبەجێبکات. ئەوەبوو موتەسەریفی لیوای سولەیمانیش بەناوی میوانداریی بانگێشتی شاری سولەیمانی کرد، لە میواندارییەکەدا موتەسەریفی سولەیمانی فەرمانی وەزارەتی ناوخۆی بۆ دورخستنەوەی پێڕاگەیاند. لەو فەرمانەشدا هاتبوو کەلە بەرژەوەندی گشتی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئێرانی هاوسێمان و ئارامی سنورەکانی نێوانمان بریاردرا بەدەست بەسەرکردنی حەمە ڕەشیدخان بۆ لیوای موسڵ. ئەوەش لەسەر ئەوبڕوایەی کەسیاسەتی نوێی عێراق وادەخوازێت بۆ ماوەیەك لە زێدی خۆی دووربخرێتەوە تا گلەیی و گازندەی بەرپرسانی ئێران لە عێراق دووربخاتەوە، دوای ئەوەی موتەسەریف لەهۆکاری میواندارییەکە ئاگاداریکردو فەرمانەکەی وەزارەتی ناوخۆی پێڕاگەیاند، حەمە ڕەشیدخان ووتی: "دیارە حکومەتەکەتان لەسەر بنەمای درۆو فرت و فێڵ دامەزراوە، مەگەرنا بۆ بەناوی میوانداریی‌یەوە دەستگیرمدەکەن، ئەگەر ئازابوونایە لە مەڵبەندی خۆم ئەو کارەتان بکردایە". دوای میواندارییەکە بە سێ ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی و بە کۆمەڵێك پاسەوان ڕەوانەی لیوای موسڵکرا، سەرەتا لە شاری موسڵ و لە خانوویەك وەك (خانەی میوانداریی) مایەوە، کۆمەڵێك پاسەوانیش بۆ چاودێریکردنی لە دەرەوەی خانوەکە دانرا.(١٥)

---

(١٤) د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: س.پ، ل ٣٥

(١٥) هـ.س، ل ٤٤-٤٥

سەردانی سەرۆك هۆزو بەرپرسە دەوڵەتیەکانی شارو لیوای موسڵ، وایان لە لێپرسراوی لیوای موسڵکرد بیر لەوە بکەنەوە لەو شارە دووریبخەنەوە، چونکە مانەوەیان لەو شارە بەمەترسی بۆ سەر بەهێزبوونی پەیوەندیی هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە لەگەڵ ئەو کەسایەتییە دەزانی، ئەمەش مەترسی بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت لەو شارەدا دروستکردبوو، بۆ ئەم مەبەستە شاری (ئامێدی)یان هەڵبژارد، چونکە شارێکی دوورخراوی ناوچەی بادینان بوو، بەسەر بەرزاییەکەوە ئەوەبوو فەرمانەکە لە ناوەڕاستی (١٩٣١) جێبەجێکرا.[١٦]

سالآنی دوورخراوەی حەمە ڕەشیدخان زۆری نەخایاندو لە ناوەڕاستی (تەموزی ١٩٣٢) بەهاوکاریو کەفالەتی (شێخ لەتیفی حەفیدو حەمەی ئەورەحمان ئاغا) ئازادکراو بۆ زێدی خۆی لەناوچەی پێنجوێنو گوندی وێنە گەڕایەوە[١٧]، سالآنی دوورخراوەیی هەوێنی چەندین ئەزموونی سیاسیبوون، لەساڵی ١٩٣٧ حەمە ڕەشیدخان لە بەندینخانەی سلێمانی زیندانی کراوە، دواتر بەهاوکاری (کۆمەڵەی برایەتی)* توانیویەتی بەدینخانەکە بشکێنو ئازادبێت. کەریم زەند بەمجۆرە شکاندنی بەندینخانەکەو ئازادکردنی حەمە ڕەشیدخان دەگێڕێتەوە: بەبۆنەی جەژنی تاجی شاهانەوەو بەهاوکاری (فوئاد عارف)فەرماندەی بەتالیۆنی سوپای عێراق لەسەربازگەی سلێمانی،دەمانچەیان لە پاکەتی حەلواو شیرینیدا ناردە زیندان بۆحەمەڕەشیدخان و هاوڕێکانی،لەکاتی کردنەوەی دەرگای ژووری زیندانی ،حەمەڕەشیدخان و هاوڕێکانی پەلا ماری پاسەوانان دەدەن و بەندینخانەکەیان شکاندو لە ئەنجامدا قووتاربوون. (مەجید گەڵباخی و سەید عەتا ) لە تەکیدا دە بن ، حەمەڕەشید خان ڕزگاری بوو ، ڕویکردەوە (وێنە و داروخان لەدەڤەریشلێروناوخوان) [١٨]

---

[١٦] د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: س.پ، ل ٤٧

[١٧] چاوپێکەوتنی پێشوو لەگەڵ (کەریم زەند) .

* کۆمەڵەی برایەتی: ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٧ دامەزرا، ئامانجی کۆمەڵەکەش رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بوو، د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: حەمە رەشیدخانی بانە، چاپی دووەم، ٢٠١٤، ل ٤٨

مەجید گەڵباخی گیرایەوە و درا بە دادگا، دواتر ئەویش کاری بۆ کۆاو بەربوو.[19] بەپێی تۆمارێکی (میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری) دوای ئەو رووداوە بەرپرسانی حکومی لە شاری سولەیمانی هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی کەسایەتیەکانی شارو سێ براکەی حەمە ڕەشیدخان، (حەمە ئەمین خانو عەلی بەگو عیزەت بەگ)یان ئەنجامدا، لەتۆڵەی ئەوەدا (کۆمەڵەی برایەتی) تفەنگیان بە ماڵی (مەجید یەعقوبی) موتەسەریف ناوەو بۆمبێکیشیان خستۆتە ماڵی بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوا (سەید عەلی حیجازی)[20]، حەمە ڕەشیدخانی بانە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی، لە باشوری خۆرهەڵاتی کوردستانیش "فکری نیشتمانپەروەریو قەومایەتی زۆر بەهێزبووە دژی چەوساندنەوەو زوڵمو زۆری داگیرکەران بووە، هەمیشە دژایەتی ئەو دەسەڵاتانەی کردووە کە کوردستانیان داگیرکردووە"[21].

دوای ئەوەی حەمە ڕەشیدخانو هاوڕێکانی توانیان بەندینخانەکە بشکێنن، دوای ئەوە حەمە ڕەشیدخان بۆ ماوەیەك لە دارۆخان مایەوە، دواتر توانی سود لەلاوازی دەوڵەتی ئێران وەربگرێتو دەستبەسەر شاری بانەدا بگرێت، (محەمەد ڕەئوف تەوەکەلی) بەمجۆرە باس لەدەستبەسەراگرتنی بانە دەکات لەلایەن حەمە ڕەشیدخانەوە. لەساڵی ١٣٢٠ حەمە ڕەشیدخان توانی لەلاوازی دەوڵەتی ئێران سودوەربگرێت، نامەی نووسی بۆ حەمە ئەمین بەگی بۆڵیّ، توانی لەگەڵ ئەحمەد بەگی برایو خزمەکانی بەرەو بانە بڕۆن بۆئەوەی پەلاماری بانە بدەنو دووبارە بیگرنەوەو بەهاوکاری حەمە ئەمین خانی برای چونە گوندی بۆبەنی خواروو، بەهاوکاری بەگزادەکانی ناوچەی بانە هێزی کۆکردەوەو بۆ گوندی تەرخان ئاوا لە بناری کێوی بابۆس ڕۆیشت، لەویّ نامەیەکی بۆ بەرپرسی کارگێڕیی بانە نوسی، بۆئەوەی خوێنڕێژی نەبێتو بەویستی خۆیان تەسلیمبن، بەڵام ئەوان داواکارییەکەی ئەوانیان ڕەتکردەوەو ووتیان: ئێمە توانامان هەیە بەرگریی لە خۆمان بکەین. حەمە ڕەشیدخان کاتێك وەڵامی ئەوانی وەرگرت

---

[19] کەریم زەند: س.پ، ل ٥٣٥

[20] د.کەیوان ئازاد ئەنور: س.پ، ل ٥٤

[21] چاوپێکەوتنی پێشوو (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن) .

جەماعەتی کۆکردەوە. عەلی بەگی کوڕی مەحمود بەگی ناردە سەر بارەگای سەبەتوڵو لەڕێگەی سەقز بۆ بانە.

دەستەی یەکەم: بەفەرماندەیی حەمە ڕەشیدخان لەلای ڕۆژهەڵاتەوە کە چوار دۆشکەو ڕەشاشی لێبوو، دەستەی دووەم : بەسەرکردەیی حەمە ئەمین خانی برای بۆ سەر پۆلیس خانە، دەستەی سێیەم: بەسەرکردایەتی حەمە ئەمین بەگی گۆڵێ کە باوکی مەحمود بەگی گۆڵێ بوو لەگەڵ خزم و براکانیان بۆ سەر ماڵە ئەفسەرەکانو سەربازخانەکە چەندین هاوەنو گوللە تۆپی تێدابوو، دەستەی چوارەم: فەرمانگەکان کە درایە دەست حەمە رەشید بەگی بلەکێ برای حەمەبەگی گۆڵێ لەگەڵ حاجی قادرخانی ئارمردە. ڕۆژی (١٨-٦-١٣٢٠) بنکەی حەمە ڕەشیدخان لەگوندی تەرخان ئاوا لەلایەن هێزی دەوڵەتەوە درایە بەر تۆپ، بەڵام ئامانجی نەپێکا گوایە رووسەکان تۆپەکانیان خراپکردبوو. پاش یەك کاتژمێر لە شەوی (١٣٢٠/٦/١٨) بەشێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو وەك لەپێشتردا باسمانکرد، هێرشیانکردە سەر شاری بانە، لەدوای نیوەشەو زۆر لە جێگا هەستیارەکان دەستگیرا بەسەریداو هێزی عەشایەر چوونە ناوشار، بۆ شەوی دواتر شار بەتەواوەتی لە هێزی دەوڵەت پاککرایەوە [٢٢].

بەشداری لە چەندین شۆڕشو جوڵانەوەی کوردیدا کردوە، لە ئەیلولی ١٩٤٠ دا دەستی بەسەر ناوچەی بانەدا گرتووەو سیستەمی ئەو شارەی ڕێکخستو دادوەرییو شارەوانیو پۆلیسی بۆ داناوە، دەزگای کارگێڕیی خۆی تێدا جێگیرکرد.

تەنانەت لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی فەرمانڕەوای بانە بووە[٢٣]، هاشم سەلیمی لە کتێبەکەیدا بەناوی (پێشەوای ڕابوون بیرەوەرییەکانی سەعید هومایۆن)دا باس لە گرتنی شاری بانە دەکات لەلایەن حەمە ڕەشیدخانەوە، لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٤١ دا (حەمە ڕەشیدخان

---

[٢٢] محمد رووف تەوەکولی: مێژووی بانە و دەسەلاّتی یۆنسخان، و: وەرگێرانی، حەمە رشید حەسەن مێشە رۆیی، چاپخانەی نییە، چاپی یەکەم ٢٠٠٠، ل ٤٢-٤٣

[٢٣] هیجرەت محمد رەشید: س.پ، ل ٢٣

شاری بانەی گرت، بەرپرسان و کاربەدەستانی لەو شارە وەدەرناو بەڕێوەبردنی ناوچەی بانەو دواتر سەقزیشی بەدەستەوەگرت)[٢٤].

کاتێك لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ پێشەوا (قازی محەمەد) دامەزراندنی کۆماری کوردستانی راگەیاند[٢٥]، حەمە ڕەشیدخان یەکێك بوو لەو کەسانەی پەیوەندیی بە پێشەواو کۆماری کوردستانەوە کرد، دواتریش یەکێك بووە لەو چوار ئەفسەرەی کۆمارەکە کەلەلایەن سۆڤیەتەوە پلەی جەنەڕاڵی پێبەخشرا[٢٦]، بەلاّم دوای ماوەیەك ناکۆکی هزری کەوتە نێوان پێشەواو ژەنەراڵ حەمە ڕەشیدخانەوە[٢٧]، بۆیە حەمە ڕەشیدخان لە کۆتایی مانگی (٧ی ساڵی ١٩٤٦)دا بەناچاری کۆماری کوردستانی جێهێشتو بۆ دارۆخان گەڕایەوە[٢٨]، دواتر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ شاری (ڕومادی) بۆ ماوەی چوار ساڵ دووبارە دورخرایەوە. سەبارەت بەوەش کەبۆچی بۆ ڕومادی و بۆ ماوەی چوار ساڵ دوورخرایەوە؟ لەبەرئەوەبوو شارێکی دووربوو لە دەوڵەتی ئێران و دۆڵی شلێری زێدی خۆی، تا مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی هەردوو دەوڵەتی (ئێران–عێراق) و تەنانەت دەوڵەتی بەریتانیا دروستنەکات[٢٩].

دوای (چوار) ساڵ دوورخراوەیی فەرمانی گواستنەوەی لەلایەن وەزارەتی حکومەتی عێراقەوە دەرکرا، لە (تەموزی ١٩٥٠) لەژێر چاودێرییەکی توند بۆ شاری کەرکوك گوێزرایەوە، دەستبەسەرکردنی حەمە ڕەشیدخان لە شاری کەرکوك نزیکەی هەشت ساڵی خایاند، دواجار لە (٨ی تەموزی ١٩٥٨) واتە تەنیا پێش شەش ڕۆژ لە سەرکەوتنی کودەتاکەی (عەبدولکەریم قاسم)و هاوڕێیانی لە (١٤تەموزی ١٩٥٨) دەست بەسەرییەکەی کۆتاییهات[٣٠].

---

[٢٤] هاشم سەلیمی: پێشەوای رابوون بیرەوەریەکانی سعید هومایۆن، و، رەسول سوڵتانی، چاپخانەی (ئاراس)، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧، ل ٣

[٢٥] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی (ڕەنج)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٤١٩

[٢٦] عبدالله احمد رسول پشدەری: یاداشتەکانم، بەشی یەکەم، چاپخانەی نییە، چاپی یەکەم، بغداد، ١٩٩٢، ل ٥٦

[٢٧] کەریم زەند: س.پ، ل ٥٣٦

[٢٨] ه.س، ل ٥٣٧

[٢٩] د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: س.پ، ل ١٤٩

[٣٠] ه.س، ل ١٥٣–١٥٤

دواتریش که شۆرشی (ئەیلولی ١٩٦١) دژی ڕژێمی قاسم هەڵگیرسا، حەمە ڕەشیدخان بەشدارییەکی کارای هەبوو، کەلە باسەکانی دواتردا بەفراوانی باسی دەکەین .

بەر لەکۆچی دوایی حەمە ڕەشیدخان چەندین ڕۆژ نەخۆشبووەو نەیهێشتوە بیبەن بۆ ئێران بەمەبەستی چارەسەر، ووتویەتی من چەندین ساڵە دژایەتی ئێران دەکەم، ئێستا چۆن بە زەلیلی دەچمە بەردەستیان[٣١] .

دیارە ئەو پێشتر نەخۆشی شەکرەی هەبووەو پارێزی نەکردووە تا دواجار لە دوای دوو ڕۆژ لەو نەخۆشیە، لە (٤-١٢-١٩٧٤) لەڕۆژێکی زۆر بەفرو باراناویدا کۆچی دواییکردووە[٣٢] .

## باسی دووەم – بارودۆخی سیاسی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٦١:

لە ١٩٣٩ جەنگی دووەمی جیهانی بەرپابوو، ماوەی شەش ساڵو تا کۆتایی ئەیلولی ١٩٤٥ بەردەوامبوو، بەرەی هاوپەیمانەکان بەسەرکەوتوویی لەم جەنگەدا دەرچوون، گەلی کورد لە رووی رامیاریو ئابوریو مەعنەویو کۆمەڵایەتیەوە زەرەرمەندبوون[١] .

شکستی شۆڕشەکانی بارزان لە (١٩٤٣-١٩٤٥) لە باشوری کوردستان، شۆڕشی (١٩٤١) لە خۆرهەڵاتی کوردستان، گەلی کورد لە سەرتاسەری کوردستان دووچاری چەق بەستوویی و وەستان بۆیەوە، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کورد لە (باشورو باکور) لەسەرەتای جەنگی دووەمی جیهانیدا بەبێلایەنی مانەوە، لە کۆتایشدا بوون بە هاوپەیمانی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستی سەرکەوتووی جەنگەکە[٢] .

---

[٣١] چاوپێکەوتنی پێشوو: مەلا ئەحمەدی پێنجوێن..

[٣٢] هیجرەت محمد رەشید: س.پ، ل ١٢

[١] ابراهیم خەلیل احمد و خلیل علی موراد: ئێران و تورکیا، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە، بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی (ڕۆژهەلات)، چاپی چوارەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٩٣.

[٢] ئەحمەد مەحمود علی: مێژووی کورد لە سەد و دوازدە ساڵدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی (لەریا)، سلێمانی، ٢٠١٣، ٤٧٦

هەروەها سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان لەم جەنگەدا بووە هۆی پتەوکردنی بنکەی سەربازیی و سیاسیان لەولاّتە داگیرکراوەکان، عێراق وەك یەکێك لەم ولاّتانە، ژیانی خەلّکەکەی توشی بارگرانی و مەینەتی زیاتر بوو، بەتایبەتی چینی (کرێکار) بەهۆی زیاتر چەوساندنەوەیان و نەبوونی دەسەلاّتێك بۆ پارێزگاریکردنی مافەکانیان، هەروەها قوڵتربوونەوەی گیروگرفتە کۆمەلاّیەتیەکان لە عێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی، ببوە فاکتەرێکی تری دواکەوتوویی ئابوریی و کۆمەلاّیەتی سەرجەم گەلانی عێراق، لەلایەکی ترەوە پاشکۆیەتی ئابوریی ولاّت بۆ بێگانە لە رێگای بەستنی چەندین پەیماننامەوە دژ بە بەرژەوەندیی گەل و زامنکردنی ئەم پاشکۆیەتیە لە رێگای پێکهێنانی چەندین حکومەتی سەربە بێگانە، رێخۆشکەربوو بۆ چەوساندنەوەی گەل و بەتالاّنبردنی سامانی نیشتیمانی لە رێگەی کۆمپانیا بێگانەکانەوە[٣]. دەرکەوتنی ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر تەواوی جیهان و ناوچەکانی رۆژهەلاّت، بوو بە هۆی پیادەکردنی شێوازێکی نوێی خەباتی سەردەمیانە لەلایەن بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوە ژێر دەستەکان، کورد لە کوردستانی عێراق لەژێر کارتێکردنی ئەم گۆڕانکاریانە بەدەرنەبوو، بەڵکو لەم قۆناغەدا وەك وەلاّمدانەوەی ئەم واقیعە سیاسیەی کە تێیدا دەژیان، کەوتنە خۆو توانیان خەباتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق یەکبخەن[٤].

(پارتی دیموکراتی کوردستان) لە عێراق لە (١٦ ئابی ١٩٤٦) بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای بەرزانی و بە نوێنەرایەتی هەمزە عەبدولاّ دامەزرا[٥]، بەلاّم پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن مەلا مستەفا، کە قازی محەمەد لە (٢٢-١-١٩٤٦) کۆماری دیموکراتی کوردستانی لە مهاباد ڕاگەیاند[٦]، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و سەرۆك هۆزو ناسراوانی کورد لە کوردستانی عێراقدا پەیوەندییان بەو کۆمارەوە کرد، لە بوارەکانی سیاسی و

---

[٣] مەهدی محمد قادر: پێشتهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ل ٢٢٢-٢٢٣

[٤] مەهدی محمد قادر: هـ.س، ل ٣

[٥] ئەحمەد شریف: (برایم ئەحمد، ژیان و بەهرە و داهێنانی)، چاپخانەی (بەدرخان)، چاپی یەکەم، سلیمانی . ٢٠٠٢، ل ٤٤

[٦] هاورێ باخەوان: هاورێ نامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، چاپخانەی نییە، چاپی یەکەم، ١٩٩٩، سلێمانی، ل ٤٢١

**سەربازیی و ڕۆشنبیریی و پەروەردەو فێرکردن و ئەدەب ... هتد ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا، دیاترین ئەو کەسانە (مەلا مستەفا، قانعی شاعیر، حەمە ڕەشیدخانی بانە، کەریم زەند، مەحمود توفیق وەردی، عوسمان دانش، هەمزە عەبدوڵا، مەلا عەلی سوسێ ... هتد)[7].**

**کورد لە عێراق هەوڵیاندا بە هەموو توانایەك لە پاراستن و سەرخستنی کۆمار بەشداربن، ئەمەش لە دەقی ئەو وتارەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە لەلایەن (محەمەد مەحمود قودسی) ، لە ئاهەنگی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا بەناوی مەلا مستەفاوە خوێندیەوە، لە بەشێکی وتارەکەیدا هاتووە: "بەناوی سەرکردەی شۆڕشی گەل لە بارزان ... ڕۆژباش پێشکەشی دانیشتوانی ئەم کۆبوونەوەیە دەکەم کە ئاڵای کوردستانیان لە سێ یەکی کوردستانی گەورەدا بڵندکردووە، بێگومان لە بیر ناکرێت کە حکومەتی کوردستانی ئازاد یەشتا لە یەکەم قۆناغێتی و کۆششی ئێوەی دەوێت بۆ سەرکەوتنی مەزن و رزگار بوون ... بژی نیشتیمانی مەزنمان بە سەربەخۆو ئازادی)[8].**

**بەمجۆرە کوردانی باشوری کوردستان ڕۆڵی بەرچاویان لەبەرگریکردنی کۆمارەکە لە ڕووی سوپای ئێراندا بەتایبەتی لەبەری سەقزدا گێڕا، بوون بە خاوەنی چەندین داستانی بەرگریی گەورە بەتایبەتی لە شەڕەکانی (قاراواو ملقە رەنی و مامە شا)دا، بەمجۆرە تا ئەو کاتەی بڕیاری بەرگرینەکردنی سوپای ئێران درا، کوردانی باشوری کوردستان لە هەوڵ و پشتگیریی و سەرخستنی ئەم هیوایەدا بوون[9].**

**بەوتەی (کریس کۆچێرا) سوپای کۆماری مهاباد بەیەکەمین سوپای ڕێکخراو دادەنرێت لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورد، ژمارەی ئەندامانی ئەم سوپاییە گەیشتە (١٢٠٠) سەربازو چل دەرەجەدارو حەفتا ئەفسەر، کەلە شاری مهابادو دەوروبەری مهاباد بە سەربازی گیرابوون[10]،**

---

[7] مەهدی محمد قادر: س.پ، ل٣٤٩.

[8] ﻫ.س، ل٢٤٥-٢٤٦.

[9] ﻫ.س، ل٣٥٥.

[10] کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست، و: حەمە کریم عارف، چاپخانەی (ڕۆژهەلات)، چاپی شەشەم، هەولێر . ٢٠١١، ل٢٢٥.

بەڵام پاش ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئێران هێرشیکردەسەری و لە (کانونی یەکەمی ١٩٤٦)دا کۆماری کوردستان ڕووخا، پاش ماوەیەکیش قازی محەمەدو ئامۆزایەکی قازی لە سێدارەدران، دواتریش مەلا مستەفاو هەندێك لە هاوەڵانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بەڕێکەوتن[11].

لەو دەمەدا رژێمی پاشایەتی لە عێراقدا حکومڕان بوو بە درێژای ماوەی حکومڕانی (١٩٢١-١٩٥٨)، بە شێوازی جۆراو جۆر لە هەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ لە ناوبردن و نەهێشتن و سەرکوتکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ئەم هەڵوێستە تەنها لە ڕووی سیاسیەوە نەبوو، بەڵکو لە بورای ئابوریشدا لە بارودۆخێکی خراپدا دەژیا، حکومەت ئامادەبوو خەرجیەکی زۆر لە پرۆژەکانی خزمەت بە بێگانەو دامودەزگا تایبەتەکانی پۆلیس و سەربازیی لە کوردستاندا خەرج بکات، بەڵام ئامادەی ئەوە نەبوو پێداویستیەکانی دانیشتوانی ناوچەکە لە قوتابخانەو نەخۆشخانەو ڕێگ و بان دابینبکات[12].

هەروەها هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، کورد لە پێناو سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانیدا لە خەباتێکی بێپسانەوەدا بوو، حکومەتی عێراقیش بۆ سەرکوتکردنی سەرجەم جوڵانەوە شۆڕشگێڕەکانی کورد لە هەوڵدابوو، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەردەوام لە هەوڵدابوون مەسەلەی کورد تەواو بچوکبکرێتەوەو نرخ و بەهاو قورساییەکی ئەوتۆی لە بواری دەوڵەتاندا نەبێت، کاربەدەستانی عێراق هیچ کات نەیانویستوە لە هۆکاری ڕاستەقینەی هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردو ناڕەزایی و بێزاری و هەراسانی خەڵکی کوردستان تێبگەن، هەروەها نەیانویستووە بە ڕاست و دروستیی گیروگرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگییەکانی گەلی کورد بزانن و ڕەگ و ڕیشەی مەسەلەی کورد بدۆزنەوەو چارەسەریبکەن[13].

---

[11] مەلا خالیدی فەریزی: پوختەیەك لە مێژووی کورد لە سەرەتاوە تا ئێستا، چاپخانەی نییە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٢٧٣-٢٧٤

[12] مەهدی محمد قادر: س.پ، ل ١٦٤

[13] سۆران کریم مستەفا: بەعسیزم و کورد، چاپخانەی (حەمدی)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٠٩-١١٠

گەلی کورد وەك بەشێك لەلایەن نەیارەکانی حکومەت لەو سەردەمەدا زۆربەیان لەنێو ریزەکانی پارتیو کەمینەیان لە نێو پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا گیرسابوونەوە[١٤]، حکومەتی عێراق نەك هەر ئازادیخوازانی کوردستانی عێراقی سەرکوتکرد، بەڵکو بەشداری لە سەرکوتکردنی بزاڤەکانی کوردی پارچەکانی تری کوردستان کرد، (نوری سەعید) پشتگیری حکومەتی شای کرد بۆ لە ناوبردنی شۆڕشگێرانی کورد لە ئێران، هێزێکی زۆری سوپای کۆکردەوە بەرەو سنوری ئێران بۆ رێگاگرتن لە شۆڕشگێرەکانی (جوانرۆ)* بۆ نەهاتنیان بۆ ناو خاکی عێراق، بۆ هەمان مەبەستیش موتەسەریفی سلێمانی سەردانی کرماشانی کردو رێگاش درا بە ئاسمانی عێراق بۆ لێدانی کوردەکان بەکاربهێنرێت، حکومەتی پاشایەتی لە بواری بەرێوەبردنیشدا پەنای بردە بەر حکومێکی سەربازیو هەردەم متمانەی بەو کەسانە دەدا کە دڵسۆزی دەسەڵات بوونو لەسەرکوتکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەتوانابوون، لە ساڵی ١٩٥٤ دا عومەر عەلی کە ئەفسەرێکی پلە لیوا بوو، کرا بە موتەسەریفی شاری سلێمانی، بۆ دەرخستنی دڵسۆزی خۆی دەستیکرد بە هێرشکردنە سەر ناوچەکانی شارباژێرو بەشێك لەو باندەی کە بە تاقمی (خولە پیزە) ناسرا بوون. کەلەم ناوچەیە مابوونەوەو لە ناویبردن، دواتر کەوتە بیرۆکەی دورخستنەوەی شێخ مەحمود لە گوندی داریکەلیو دەستگیرکردنی[١٥].

لە (٣ی ئابی ١٩٥٤ وە تا ١٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥) لە راستیدا بوونە تیری کوشندە بۆ جەستەی رژێمی پاشایەتی لە عێراقدا . نوری سەعید ئەو پیاوە گەورەیە لە پەنجاکاندا کەوتە هەڵەوە کە بە جارێك چارەی زۆربەی خەڵکی عێراقی رەشکرد[١٦].

---

[١٤] د.واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەی کورد و حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧.

* جوانرۆ: ناوچەیەکە لە رووی سروشتیەوە درێژبوونەوەی مەڵبەندی هەورامانی کوردستانی ئێرانەوە لە رووی بەرێوبەرایەتیەوە بەشێکە لە ئوستانی کرماشان و ٩٠ کلیۆمەتر لە باکوری رۆژئاوای کرماشانەوە دوورە .

[١٥] مەهدی محمد قادر: س.پ، ل١٦١-١٦٢.

[١٦] د.کەمال مەزهەر: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٤٠٨.

لـه ڕۆژی (٩ی تشـرینی یەکـەمی ١٩٥٦) ئێسـتگەی بەغـداد هـەواڵی مردنـی شـێخ محمـودی بڵاوکردەوە، دواتر تەرمەکەی گەڕێنرایەوە بۆ سلێمانی و لـه نێو کەژاوەیـەکی زۆری جەماوەریـدا پێشوازی لێکرا، کەژاوەکە بەرەو سەرای سلێمانی بەرێکراو دواتر تەرمەکەی بەخاك سپێرا[١٧].

لەو سەردەمەدا چەند حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی کوردیی و عێراقی لە کوردستانی عێراقدا ڕۆڵیـان هـەبووە لـە ڕوداوە سیاسیەکانی ئەو دەمە ئەوانیش: (کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کـورد-لقـی کوردسـتانی عێـراق، لقـی کوردسـتانی حزبـی شـیوعی عێـراق، حزبـی ڕزگـاریی کـورد، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ... هتـد). ئـەوەی جێگـای سـەرنجە ئافرەتـانی کـورد ڕۆڵـی گـرنگ و بەرچاویان لە چالاکیەکانی کۆمەڵەی ژیانـەوەی کوردسـتاندا بینیـوە، رابـەرانی ئـەم کۆمەڵەیـە لـە کوردستانی ئێراندا هەوڵی پێکهێنانی لقێکی ئافرەتانیان داوە، لەم بوارەدا ناهیدە شێخ سەلام و نەعیمە ئەحمەد (خوشکی برایم ئەحمەد) دەورێکی بالأیان بینیـوەو توانیویانـە کاروبـاری لقەکـە بەرێوەببـەن و ژمارەیـەك لـە ئافرەتـان لەکۆمەڵـە کۆبکەنـەوە. لـەو ئافرەتانـەی لـە ڕێخسـتنەکانی کۆمەڵـەدا کاریـانکردووە: (زکیـە بابـان، لوتفیـە مـەلا سدیق، حـەلاوەخانی کچـی شـێخ مـەحمود، شەفیقە خێزانی جەمال خەفاف، شەفیقە سەعید و فاتمە محەی ساڵە سورو کـەتان خـان) بـوون. دەتوانرێت بوترێت بوونی ژمارەیەك لە ئافرەتانی کورد لـە نـاو ڕیزەکـانی کۆمەڵـەدا، لـە کاتێکـدا کـە کۆمـەڵگای کوردسـتان لـە ڕووی کۆمەڵایەتیـەوە بەڵگـەن لەسـەر کاریگـەریی و ڕۆڵـی کۆمەڵـە لەسەر هەست و دەرونی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمـەڵ لـە پێنـاوی سەربەسـتی و هوشـیاری نەتەوەی[١٨].

کوردستان لە ساڵانی پێش شۆڕشی ١٤ی تەموز لە بارودۆخێکی چەق بەستودا بوو، وێـرای خـەباتی کـورد لـە کوردسـتاندا، مـەلا مسـتەفاو هاوڕێکـانی لـە یـەکێتی سـۆڤیەت و کامـەران بەدرخان و نورەدین زازا لە هەندەران، نوری سەعید لە عێراق، بەدرخانیەکان هەریەکە بە جۆرێك بۆ داواو داخوازی مافی نەتەوایەتی کورد و ئەو زوڵم و چەوساندنەوەیەی لەسـەریانە هاتوونەتـە

---

[١٧] هاوڕێ باخەوان: س .پ، ل ٤٦٠

[١٨] مەهدی محمد قادر: س.پ، ل ٦٩-٧٠

دەنگ و كاریان بۆ كردووە، ئەمریكاش لە ساڵی ١٩٥٧ ڕەخنەی لە ئێران گرتووە كە بۆردومانی گوندەكانی كوردستانی كردووە لە ناوچەی جوانرۆ[١٩]، لە ساڵی ١٩٥٨ دا پاش ئەوەی سوریا و میسر یەكیانگرت، كۆماری یەكگرتووی عەرەبی هاتە ئاراوە، ڕێبەرانی كورد بەتەمابوون دژی ڕژێمی عێراق دەس بە شۆڕش بكەن. ئیدی بۆ ئەوەی هاوكاری ناسر بە دەستبهێنن پەیوەندییان پێوەكردو ڕێگای پێدان هەندێ بەرنامە بە زمانی كوردی لە ڕادیۆی قاهیرە بڵاوبكەنەوە[٢٠]، بەڵام ئەوەبوو عەبدولكەریم قاسم پێشكەوتوو لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق روخاند[٢١]، لە بەرەبەیانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ تیشكی ئازادی عێراقی گرتەوە، ڕادیۆ مژدەی ڕابوونی كۆماری عێراق و نەمانی ڕژێمی پاشایەتی ڕاگەیاند[٢٢]، ژمارەیەك لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی كورد لەبەرەبەیانی هەڵگیرسانی شۆڕشەكەدا بەشداری چالاكیەكانی شۆڕشیانكردووە. لە هێرشكردن بۆ سەر بەغدادو دەستبەسەراگرتنی دام و دەزگاكانی دەوڵەت[٢٣]، كوردو عەرەب لە دوای شۆڕشەكە كەوتنە ئاهەنگێران و خۆشی دەربرین لە عێرقدا بەهۆی برایەتی و هاوبەشی كوردو عەرەب، هەروەها لە پێناو داهاتووی عێراق و برایەتی گەلانی عێراق[٢٤].

لە (٢٠-٧-١٩٥٨) حكومەت فەرمانی لێبوردنی گشتی دەركردو هەموو زیندانیان و نەفی كراوەكان گەڕانەوە، شێخ ئەحمەدو شێخ لەتیف و گۆرانی شاعیرو مەلا مستەفا بارزانی لە پێشی ئەو كەسانەوە بوون كەبەر ئەم لێبوردەییە كەتون[٢٥].

---

[١٩] ئەحمەد محمود علی: س.پ، ل ٤٧٨.

[٢٠] كریس كۆچێرا: س.پ، ل ٢٦٢.

[٢١] دیفد ماكدوال: الكورد شعب انكر علیه وجوده، ترجمة، عبدالسلام النقشبندی، الطبعة الاولی، اربیل، ٢٠١٢، ص ١٢١

[٢٢] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد (١٩٥٨-١٩٦١)، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٦.

[٢٣] مێژووی نوێ و هاوچەرخ:نووسنی، نازەنین محمد وەهبی و عەتاعەبدلا مەعروف ودارا محمد عەبولا، چاپی چوارەم، چاپخانەی مستەقبل، (لوبنان)، ل ١٨٣.

[٢٤] نیسان حەسەن ڕۆستەم: كورد و دەسەڵاتە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق ١٩١٦-١٩٦٨، چاپخانەی نییە، چاپی یەكەم، ٢٠١٧، سلێمانی، ل ٩٤.

[٢٥] كریس كۆچێرا: س.پ، ل ٢٦٥.

رژێمی نوێ گۆڕانی لە هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ناوخۆی عێراق و لە سیاسەتی دەرەوەیدا بەدیهێنا، هەموو رێکخراوە سیاسیە نهێنیەکان، لەوانە حزبی شیوعی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها هەموو رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان پشتیوانیەکی بێ سنوریان لەم شۆرشە کرد[٢٦].

لەم بارەیەوە ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت: "پاش راگەیاندنی شۆڕش بەکەمتر لە کاژێرێك سەرکردەکانی حزب لە کەرکوکەوە بروسکەیان بۆ سەرکردایەتی هێزە چەکدارە نیشتیمانیەکان لێداو پشتگیریان لە شۆرشی پیرۆز راگەیاندو هیوایان خواست کە سەرەتای سەردەمێکی نوێ بێت لە دامەزراندنی پەیوەندی بەتینی عەرەب و کورد کە چاکەو پێشکەوتنی هەردوو گەلی تێدایە"[٢٧].

بەمشێوەیە دەشێت پشتگیری کورد لە شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٥٨ بۆ ئەم هۆیانە بگێڕینەوە:

١-جۆری سیاسەتەکانی بەریتانیا و عێراق لەمەڕ دۆزی نەتەوەیی کورد، بە درێژایی ساڵانی حکومڕانێتی پاشایەتی لە عێراقدا.

٢-پەیوەندی هاوکاری و رێککاری لە نێوان سەرکردایەتی کوردو پارت و لایەنە نەیارەکانی ناو عێراق لە دژی سیاسەتەکانی بەریتانیا و حکومەتی پاشایەتی عێراقدا لە چالاکی بەردەوامدا بوون. واتا هاو ئامانجی و هاو خەباتی لەو قۆناغەدا.

٣-دروشم و هەڵوێستە بەراییەکانی رابەرانی کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٨ بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بەشێك لە دروشم و ئامانجە گشتیەکانی پارتیدا یەکی دەگرتەوەو لەو رووەوە هیوا بەخشبوون بۆ دیموکراتخوازانی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی.

٤-هەڵوێستی پۆزەتیڤی ولاتانی وەکو یەکێتی سۆڤیەت و میسر بەرامبەر شۆڕشەکەو بە رێنمایی کردنیان بۆ دەسەڵاتدارانی نوێی عێراق کەلە سنورێکی دیاریکراودا رەچاوی مافەکانی گەلی کورد بکەن .

---

[٢٦] نەوشیروان مستەفا: بەدەم رێگاوە گوڵ چنین، کتێبی دووەم، چاپی یەکەم، بەیروت-لوبنان، ل ٣٩٣.

[٢٧] د. واحید عومەر محێدین: س.پ، ل ٧٨.

٥-مەترسی کورد لە ئاکامە خراپەکانی کاردانەوەی ئەو دەوڵەتانەی کە شۆڕشەکە زیانی بە دەسەلاّت و بەرژەوەندیان لە عێراق و ناوچەکەدا گەیاند[٢٨]. شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ چەندین دەسکەوتی بۆ کورد بە دەستهێنا لەوانە: کورد بەیەك ئەندام کە (عەقید خالید نەقشبەندی)بوو بەشداری لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا کرد، کەلە سێ ئەندام پێکهاتبوو، هەروەها (بابە علی حەفید زادە)یان کرد بە وەزیری ئابوری لە ئەنجومەنی وەزیران کەلە دە وەزیر پێکهاتبوو[٢٩].

هەروەها بەندی سێیەم لە دەستوری نوێ دانی بەوەدا نابوو کە نەتەوەی کورد یەکێکە لە دوو نەتەوەی مەزن و سەرەکی عێراق و گەلی کوردیش بۆی هەیە بەمافە نەتەوەییەکانی بگات[٣٠].

ئەو قۆناغە لە مێژووی سیاسی عێراقدا قۆناغێکی بێوێنە بوو لە رووی بەکارهێنانی ئازادی سیاسیەوە بۆ حزبایەتی و بۆ رۆژنامەوانی، ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەو گۆڤاری سیاسی بە زمانی کوردی و عەرەبی بلاّوکرانەوە[٣١].

هەرچەندە کورد لە سایەی رژێمی پێشودا ژمارەیەك گۆڤارو رۆژنامەیان دەرکرد، بەلاّم ئەم بلاّوکراوانە هەمووی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و چیرۆك و شعر بوون، کەم و زۆر بەلای رووداوە سیاسیەکاندا نەچوون[٣٢].

لە ساڵی ١٩٥٩ دا رۆژنامەی خەبات بە زمانی عەرەبی و رۆژنامەی کوردستان بە زمانی کوردی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچوو، بەبێ مۆڵەت، بەلاّم لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠ مۆڵەتی یاسایی کارکردنی پێدرا، مام جەلال لە کتێبی (کوردستان بزوتنەوەی نەتەوەیی

[٢٨] د. واحید عومەر محێدین: س . پ، ل ٧٧-٧٨.
[٢٩] مێژووی نوێی و هاوچەرخ: س . پ، ل ١٨٣.
[٣٠] سەعید ناکام: سلاّو لە یانزەی ئەیلول، گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژمارە ٤، ساڵی ١٩٧١، ل٣٧.
[٣١] نەوشیروان مستەفا: س.پ، ل ٣٩٤.
[٣٢] کریس کۆچێرا: س.پ، ل ٦٦.

کورد) دەڵێت: خەبات لە ساڵی ١٩٥٩ بە زمانی کوردیو عەرەبی دەرچووە، لە زەمانی پاشایەتیدا پارتی گۆڤاری گەلاوێژو ڕۆشنیبریو نزاری دەرکرد[٣٣].

پەیوەندیی دۆستانەی نێوان کوردو عەرەب هەروا نەمایەوەو رووی لە ئاڵۆزی کرد، هەرچەندە گەلی کورد پشتیوانیەکی گەورەی لە شۆرشی ١٤ی تەمموز کرد، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو عەبدولکریم قاسمو دارو دەستەکەی کەوتنە دژایەتی کورد[٣٤]، سەرکردەی شۆرشی ١٤ی تەموز عەبدولکریم قاسم پیاوێکی هێمنو لەسەرخۆو خاوەن بیروباوەرێکی قایم بوو، حەزی بە خۆدەرخستن نەدەکرد، هەر لەبەر ئەمانە بوو نوری سەعیدو هەموو دەستو پێوەندەکەی نەیانتوانی لەو باوەرە قایمەی تێبگەن[٣٥]، بەڵام کەسانی ناڕاستو مەراییکەرو کۆنەپەرست لە دەوری کۆبوونەوەو رێگەی خراپیان دەخستە پێش. لە سەرەتادا کەوتە لێدانی کۆمۆنیستەکانو تەنگی پێهەڵچنین، دواتر بە گژی پارتی دیموکراتی کوردستاندا چوو[٣٦].

بارزانی هەوڵیدا قاسم لە خۆی ڕازیبکاتو کارێکی وا نەکات دڵی برەنجێنێت، بەڵام ئەم پەیوەندییە تا سەرنەبوو، هەر زوو عەبدولکریم بەهۆی کاریگەربوونی بە بیروباوەری عەرەبە شۆڤینیەکانو ئەوانەی دژی چارەسەرکردنی کێشەکە بوون بە رێگەی ئاشتیانە، ناکۆکی نێوان کوردو قاسم گەیشتە گیروگرفتی تر[٣٧]، سیاسەتی قاسمو دەسەڵاتە ناوخۆیەکانی دژ بە کورد لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠ مۆرکێکی ئاشکرای لە خۆگرتبوو، ئەندامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو سەرکردەکانیی لە بەغداد رووبەرووی راوەدوونان بوونەوە[٣٨].

سەرەتا حکومەت ئەفسەرو پلەدارەکانی کوردی لە سوپا دوورخستەوە، فەرمانبەرە کوردەکانی لە دامو دەزگا حکومیەکان لابرد، هەروەها پشتی ئەو خێڵانەی گرت کە دژی

---

[٣٣] ئەحمەد محمود علی: س.پ، ل ٤٨٨.

[٣٤] مێژووی نویٚ و هاوچەرخ: س.پ، ل ١٨٥.

[٣٥] عەلائەدین سەجادی: شۆرشەکانی کورد بۆ کورد و کۆماری عێراق، ئامادەکرن و لە چاپ دانەوەی، ئەحمەد محەمەدی، چاپخانەی (ئەتڵەس چاپ )، چاپی یەکەم . تهران . ٢٠٠٥، ل ٣٢٨

[٣٦] سەعید ناکام: بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، چاپخانەی (ئاراس )، چاپی یەکەم، هەولێر .٢٠٠٣، ل ١٠٧

[٣٧] سۆزان کریم مستەفا: س.پ، ل ١٤٥

[٣٨] نیسان حەسە رۆستەم: س . پ، ل ٩٨.

**بارزانی بوون، ئەمانە بوونە هۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان بارزانی و عەبدولکریم قاسم، ئەوەبوو دواتر بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی (١١ی ئەیلولی ١٩٦١)[٣٩].**

---

[٣٩] **مێژووی نوێ و هاوچەرخ: س. پ، ل ١٨٥.**

## بەشی دووەم

# حەمە ڕەشیدخانی بانە

# لەنێو ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلولدا

## باسی یەکەم – مێژووی شۆڕشی ئەیلول:

سەرکەوتنی کودەتاکەی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، کۆتایی هێنابوو بە ڕژێمی پاشایەتیو لاپەرەیەکی نوێ بوو لەخەباتی گەلی عێراق بە گشتیو نەتەوەی کورد بە تایبەتی ڕێبەری ئەو شۆڕشەش (عەبدولکەریم قاسم) لە بەیاننامەیەکداو لە مادەی سێی دەستوری نوێی عێراقدا دانی بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردا نابوو، بەڵام زۆری نەخایاند لەسەرجەم مافەکان پەشیمان بۆیەوە[1]، هەروەها عەبدولکەریم قاسم ڕێگای راستی خۆی بزر کردو هەرجارەو بە بارێکدا دەگۆڕاو بەتایبەتی دەستی کرد بە بەربەرەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفاو ئەوەش بەشێوەیەکی لابەلای (غیر میشاير)و بۆیەکەم جار هەستا بەهاندانی سەرۆك عەشرەتەکانی ناوچەی بادینان لە دژی مەلا مستەفا، لەو عەشرەتانەش وەکو (زێباریو پردۆستو سورچیو ڕێکانی)، چونکە ئەوانە دوژمنایەتی کۆنیان هەبوو لەگەڵ عەشرەتی (بارزانی)داو دیسانەوە قاسم دەستیکرد بەگرتنو ڕاوەدونانی ئەو عەشایەرو سەرۆك خێڵانەی کە خۆیان بە پشتیوانی مەلا مستەفا ئەزانی[2].

مەلا مستەفا بەرزانی لە ئەنجامی ئەم کارانەو کوشتنی یەکێك لە سەرۆك خێڵەکانی زێباری پەیوەندی تێکچوو لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم، پارتی لە (٣٠-٧-١٩٦١) یاداشتنامەیەکی نارەزاییو توندو رەقی پێشکەش بە حکومەتی عێراق کرد لەژێر ناونیشانی (یاداشت نامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەمەر مەترسی بارودۆخی نێو کوردستان)، سەرکردایەتی

---

[1] د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی حەوتەم، ٢٠١٣، ل ١٨٢-١٨٣ .

[2] عەبدوڵا ئەحمەد رەسوڵ پشدەری: بەشی دووەم لە داشتەکانم شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ دژی رژێمی قاسم، چاپخانەی نییە، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٧، ل ١٣ .

پارتی بریاری دا چەك هەڵبگرێت و بکەوێتە جەنگەوە دژی ڕژێمی قاسم . لە کاتێکدا ناوچەی بارزان بەرەو رووی هێرش بۆیەوە لەلایەن حکومەتەوە[٣].

جێگەی ئاماژەپێدانە لەوەتەی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لە عێراقدا سەری هەڵداوە، زۆرینەی هەرەزۆری عەرەب بە چاوی خائین و نۆکەری بێگانە لە کورد دەروانن . ئەم ئەم دیدە یان ئیسلامی و قەومی عەرەبیە رەگوریشەی مێژوویی هەیە[٤].

لەدەرەوەی هەموو ئامانجە دیارو نادیارەکاندا یەکێك لە ئامانجە شراوەکانی عەرەبەکان لە نانەوەی کێشە لەگەڵ کوردا بەو کێشانەی ئێستاشەوە، شێواندنی وێنەی کورد و پێشاندانیەتی وەکو کائینێکی یاخی و کەلەشەق و یاسا شکێن[٥].

پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە ئەنجامی کارو کردەوەکانی عەبدولکەریم قاسم کەبەرامبەر بە کورد بەکاری دەهێنا بۆ ناچارکردنی قاسم تا دەست هەڵگرێت لە سیاسەتە شۆڤێنیەکانی لە (٦-٩-١٩٦١) هەستا بە ئەنجامدانی مانگرتنێکی سیاسی لە سەرانسەری کوردستاندا[٦].

دانیشتوانی کوردستان مانگرتنی گشتیان راگەیان و هەموو کارو کردەوەیەکی رۆژانەیان راگرت و ناوچەکەش تووشی ئیفلیجبوونێکی ئیداری گەورە بوو . چەکدارە کوردەکان ناوچەیەکی فراوانیان لە کوردستان رزگار کرد، کاردانەوەی دەسەڵات لەبەرامبەر ئەمە ناردنی یەکەیەکی سووپا بوو لە ٩ی ئەیلولی هەمان ساڵ بۆ ناوچەکانی کوردستان بەمەبەستی لێدانی شارە کوردییەکان بە فڕۆکەو چەك، بەم شێوەیە شەر لە هەموو ناوچەکانی کوردستان

---

[٣] محمد زازا: عێراق – پارت و رێکخستنەکان لە ١٩٠٨-٢٠٠٥، وەرگێرانی، ئامانج نعمەت، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی یەکەم، ل ٨٦ .

[٤] خەبات عەبدوڵا: کورد و ئەوانی دیکە، چاپخانەی نییە، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل ٢٧

[٥] خەبات عەبدوڵا: هـ . س، ل ٢١٩

[٦] د.شیرکۆ فەتحوڵا علی: پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد لە عێراقدا ١٩٤٦-١٩٧٥، وەرگێرانی: سوارە قەڵادزێی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، ل ١٧٥

بەرپابوو. رۆژی دوای پەلامارێکی تازە دەستی پێکرد کە هێزە زەمینییەکان و هێزی ئاسمانی عێراق بەشداری کرد، ئەم هێرشە بە توندی لەلایەن دانیشتوانی کوردستانەوە بەرپەرچی درایەوە، بەم شێوەیە عەبدولکەریم قاسم دەرگای داخست لەبەردەم سەرجەم گەلی عێراقیشدا بەوە کوردی ناچارکرد پەنا بۆ چەك بەرێت بۆ بەرگری کردن لە خۆی[٧].

(ئیدمۆن غەریب) هۆکاری شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ ی کورت کردۆتەوە بۆ ئەم فاکتەرانە:

یەکەم- سیاسەتی لێك نزیك بوونەوەی کوردەکان و پاراستنی بەشداری عەرەب و کورد لە عێراقدا بووە هۆی لاوازبوونی پێگەی عەبدولکەریم قاسم لای ناسیۆنالیستانی عەرب .

دووەم- شکستهێنانی لە بەدەمەوە نەچوونی خواستی ئۆتۆنۆمی کوردەکان .

سێیەم- هەڵکشانی بەرزانیەکان لە رووی ژمارەو هەژموونەوەو خۆحەشاردانیان لە چیاو چۆڵەکاندا، گومانی قاسمی زێدەتر کرد لە نیازخراپی کوردەکان .

دوابەدوای رەتکردنەوەی ئۆتۆنۆمی کە خواستی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە، شۆڕشی کوردەکان بەردەوام بوو وێرای داواکەی قاسم (لێخۆشبوون لەبەرامبەر خربەدەستەوە دان)[٨].

سەبارەت بە رۆژی شۆڕشەکە هەموو بیروباوەرکان لەوەدا هاودەنگ بوون کە (١١ی ئەیلولی ١٩٦١) سەرەتای شۆڕشی ئەیلول بوو لەم رۆژەدا بوو دەسەلاّتی عێراق دەستی دایە بۆمب بارانکردنی لە ئاسمانەوە خربوونەوەکانی شۆڕشگێران لە دەربەندی بازیان و دۆڵی خەلەکان و دەورووپشتی دهۆك، هێزی پیادەش کە قاسم ناردبووی هێرشێکی راماڵکەری بەمەبەستی

---

[٧] حامد الحمدانی: چەند لاپەرەیەك دەربارەی مێژووی نوێی عێراق، وەرگێرانی، شەماڵ احمد، چاپخانەی (چوار چرا)، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، ل ٢٤ .

[٨] بەرزانی مەلا تەها: کورد گەلی خۆخۆری بەش خوراو – چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە، چاپخانەی (سایە)، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل ١١٢

کردنەوەی نێوان هەردوو شاری کەرکوكو سلێمانی هێنا، بەڵام هێزی شۆڕشگێران نەهیچ بەرەبەرەکانێی کردو نە پەلامارێکی ئەوتۆی بزوتنەوەکەی حکومەتی دا کە شایەنی باس بێت . خێڵە ژەکدارە خربووەکان هەموو بلاُبووەیان لێکردوو بیٚ رەنجکێشانێکی ئەوتۆ رێگەی نێوان کەرکوكو سلێمانی کرایەوە[٩].

(عەبدولاٚ ئەحمەد رەسولٚ پشدەری) لە بەشی دووەمی یاداشتەکانیدا بەم جۆرە باس لە هەڵگیرسانی شۆڕشەکە دەکات: چەکدارەکانی عەشایەر کە بەهەزاران کەس دەبوون لە رێگەو بانەکاندا کۆببوونەوە بیٚ ئەوەی بەرەیەکی (جەبهە)ی شەر دروست بکەن یان سەنگەرێك هەڵبکەنن بۆ رۆژی مەترسیو هەڵگیرسانی شۆڕش . ئەوەبوو لە رۆژی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ لەکاتێکدا کە ئاگادارکراینەوە کە سوپای میری لە کەرکوکەوە دەرچووە بەرەو سلێمانیو دیسانەوە ئاگادار بووین کەوا رۆژی پێشتریش واتە (١٠)ی ئەیلولی بۆمب بارانی بەرەکانی دەربەندی بازیانو دەربەندیخانو کراوە بە فرۆکە لەگەلٚ ئەوەشدا هێزی عەشایەری کوردی هیچ گوێی بەوە نەداوەو خۆی ئامادە نەکردووە. لە کاتێکدا هێزی چەکداری کوردی لە چایخانەی (کانی وەتمان) کۆبوونەوە بۆ نان خواردن بە خۆیانو ئۆتۆمۆبیلەکانیانەوە لەناکاو (چوار) فرۆکەی مێکی (روسی) گەیشتە سەریانو یەکسەر دەستیان کرد بە ئاگرباران بە بۆمبو تۆپ هاویشتن بەشێوەیەکی زۆر درندانە. بەماوەیەکی کەم ئەو هەموو هێزە چەکدارە بلاٌوەی کردو کەسیش پرسو رووخسەتی لە سەرۆکەکانی خۆشیان نەخواستو رۆشتنەوە بۆ ماڵەوە . لەوکاتانەشدا (مام جەلال) رۆشتبوو بۆ بەرەی ئەزمەر، (عومەر دەبابەو علی عەبدولاٚ)ش هەر هەمان شەوی ١١لەسەر ١٢ی ئەیلول رۆشتن بۆ بارزان لە رێگەی باڵەکایەتیەوە . ئەوەبوو کەوا ناوچەکانی بارزانیش وەکو هەموو ناوچەکانی سۆران کەوتە بەر شالاٌوی فرۆکەکانی میریەوە،

---

(٩) مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٢، ل ٣٥-٣٦

چونکە قاسم وای دەزانی هەستانی ئەو عەشایەرانە هەمووی بە قسەی مەلا مستەفایەو ئەو هانی داون[١٠].

شۆڕشی ئەیلول چەخماخەی لێدا لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لە پێنجوێن تا زاخۆ، لە سنجارەوە تا خانەقین، بەڵام لەوکاتەدا هێزەکان هێزێکی میلی بوون بۆیە شکستێکی کاتی خوارد . کۆنە ئاغاو دەرەبەگەکان ئومێدیان بەسەرکەوتنی شۆڕش نەبوو بۆیە بەهەلیان زانی و خۆیان کێشایەوە دەستیان کرد بە نامە ناردن بۆ ڕژێمی ئەوکاتەی بغدادو ڕژێمیش تەماعێکی باشیان خستە بەردەمیان زۆرێکیان گەرانەوە باوەشی ڕژێمو خۆیان دژی شۆڕش پر چەك کرد[١١].

هەروەها ئەم شۆڕشە هیچ جیاواز نەبوو لە جوڵاندنەوەکانی پێش خۆی لەسەر بنەمای عەشایەریەکان دامەزرابوو. هەر عەشرەتێك پارێزگاری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەکردو بەرپەرچی هەر هێرشێکیان دەدایەوە کەلەلایەن سوپای عێراقەوە بکرایەتە سەریان، پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەمان ریتمی وەرگرت، وێرای ئەوەی مەلا مستەفا فەرماندەی گشتی جوڵانەوەکە بوو، وەلێ لە راستیدل سەرکردایەتییەکی یەکگرتووو یەك نەخشەی کارکردنی نەبوو . هەربۆیە فەرماندەیەکی مەیدانیش بەپێی مەزەندەیی عەقڵیش کاری دەکرد، واتە بریتی نەبوو لە نەخشەیەکی گشتی هەمەلایەن[١٢].

هەروەها پێش ١١ی ئەیلول ئەو عەشرەتانەی کە دڵسۆزی بارزانی بوون هێرشانکردە سەر رەتڵێکی سەربازیی، قاسمیش بە بۆردومانکردنی گوندی بارزانو گوندەکانی دەوروبەری

---

[١٠] عەبدوڵا ئەحمەد رەسوڵ پشدەری: بەشی دووەم لە یاداشتەکانم –شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١، س.پ، ل٢٣–٢٤.

[١١] عزالدین مەلا مستەفا: بەشێك لە چیرۆکی داستانەکانی شۆڕشی ئەیلول بۆ مێژوو، چاپخانەی نییە، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل ١٤ .

[١٢] بەرزانی مەلا تەها: س . پ، ل ٢٥٠–٢٥١ .

وەڵامی دانەوە[١٣]، دواتر لە ٢٣ی ئەیلول عەبدولکەریم قاسم کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بەستو تیایدا جاری ئەوەی دا کەوا شۆڕش یان بەوتەی ئەو (یاخیبوونەکە) براوەتەوە[١٤]، هەروەها پارتی لە بغداد قەدەغە کراو ژمارەیەك لە سەرکردەکانی حکومەتەکەی دەستگیرکران[١٥].

لەئەنجامی ئەم کارانەی عەبدولکەریم قاسمو حکومەتەکەی پارتی پێویستی خەباتی چەکدارانەی بە وەڵامی ئەو سەردەمە پر لە گیروگرفتانەی وەك ئەڵتەرناتیڤێك خستە روو . ئەوەبوو لە کۆتایی مانگی ئەیلول ١٩٦١دا مەکتەبی سیاسی پارتی (جەلال تاڵەبانی)یان وەك نوێنەر نارده لای (مەلا مستەفا) تاوەکو لەمەر دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانە بیرورا ئاڵوگۆڕ بکەنو پاشماوەی هێزە شکاوو پەراگەندەکەی خێڵە چەکدارەکان بخەنەوە ژێر رکێفی پارتییەوەو بەشێوەیەکی دیسپلینیکراو رێکبخەن، پاش مشتومرێکی زۆر لە نێوان مەکتەبی سیاسی پارتیو مەلا مستەفا بریاردا شۆڕش هەڵبگیرسێنن، بریارەکە خرایە چوارچێوەی پراکتیکەوەو هەوڵیش درا بەپەلە کاری بۆ بکرێتو هێزەکان رێکبخرێنەوەو بریارەکە دراو شۆڕش بە ناوی (شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١)وە ناسرا. هێزە چەکدارە پەراگەندەکانو بەشێکیش لە ئەندامانی پارتیو ئەوانەی روویانکردبووە شاخ ناونران (پێشمەرگە)، دروشمی سەرەکی ئەم شۆڕشە (کوردستان یان نەمان) بوو، مافی ئۆتۆنۆمیش بۆ گەلی کورد بووە داخوازی گەلی کورد[١٦].

---

[١٣] فیبی مار: مێژووی نوێی عێراق: وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە، حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپخانەی نییە، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١١، ل ١٧١ .

[١٤] مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، س.پ، ل ٣٩

[١٥] فیبی مار: س . پ، ل ١٧١.

[١٦] بەڵگەنامە: پارتی دیموکراتی کوردستان لە چەندین بەڵگەنامەیی مێژوویدا ١٩٦٤-١٩٧٠، کۆکردنەوەی، شازێن هێرش و نزار محمد، چاپخانەی نییە، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، ل ٩.

ئەمەو لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦١دا سەرکردایەتی پارتی لە باکوردا کۆبۆیەوەو بڕیاری پشتیوانیکردنی شۆڕشی دا ، هەرچەندە زۆر لە بارزانی بەهێزتر بوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٢ نزیکەی ٦٥٠ پێشمەرگەیان هەبوو[١٧].

شۆڕش بەتەواوەتی بە هێزبووو پەرەیسەند، لەشکر بەم شێوەیە دامەزرا: (هێز: بریتی بوو لە سێ بەتالیۆن، بەتالیۆن: بریتی بوو لە سێ تا چوار لق، لق: بریتی بوو لە سێ پەل، پەل: بریتی لە سێ مەفرەزە)[١٨].

لەماوەی شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی نێوان هەردوو پارچەی لێك دابراوی کوردستان عێراق و ئێران زۆر پتەو بوو، هێزی لەشکری کوردستان (پێشمەرگە) ڕۆڵی حکومەتی دەبینی لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکاندا، بۆیە هەرزوو لە بڵاوکردنەوەی فەرمی خۆی بەسەر جەماوەری کوردستان بڵاوی کردەوە کە پێشمەرگە جێنشینی ئەو حکومەتە مەشروعەیە وەلەدوا ڕۆژدا لە جێگەی حکومەتی داگیرکەر وڵات بەڕێوە دەبات و داوادەکات کەهەموو کوردێك بەپێی تواناى خۆی دەبێ یارمەتی پێشمەرگەی کوردستان بدات بە پارەو فیشەك و دەغڵو دان و جل و بەرگ و خواردەمەنی[١٩].

جەلال تاڵەبانی دەڵێت: پەیوەندی پارتی و ئێران یەکەم جار بەوە دروستبووە کە مەلا مستەفا وەفدێکی نارد بە سەرۆکایەتی (عەبدولڕەحمان ڕووتە) کە کادیرێکی چالاکی پارتی بوو، بۆ مهاباد لە کۆتایی ١٩٦١ زایینی کەلەوێ چاوی بە نیمسار (ورهرام) کەوتووە، لە پەیوەندی عیساپرمان و کوردیش دەڵێت: عیساپرمان پەیوەندی نزیکی بە بورهان جا ئەوە هەبووە لە

---

[١٧] میبی مار: س . پ، ل ١٧١

[١٨] عزالدین مستەفا سلێمان: س. پ، ل ١٨

[١٩] نازناز محمد عبدالقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەییی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٠٦-١٩٧٥، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٠، ل ١٣٤ .

ڕێگەی ئەوەوە بە صاڵح یوسفی ئاشنا دەبێتو ئەو وەختە صاڵح یوسفی بەرپرسی پارتی دەبێت دەبێت لە بغدادو عبدالرحمن زەبیحی لە کرکوك بووە[٢٠].

دەشێت بگوترێت شۆڕشی ئەیلول (محمد ڕەزا شا)ی هێنایە کوردستان بێگومان پلانێکی گەورە لە پشت ئەم سەردانەوە هەبووەو ئەمە درێژەی ئەو دڵە راوکێییە بوو کەلەئەنجامی کودەتای عەبدولکەریم قاسم دا ئێران توشی بوو بوو، هەروەها چارەسەری کێشەی کوردو ترسی لە گواستنەوەی ئەم راپەرینە بۆ کوردستانی ئێران، بۆیە بەهەموو شێوەیەك لەرووی میلیتاریو هەواڵگیریەوە محمد ڕەزا شا دەیویست کۆنترۆڵی کوردستانی ئێران بکات، لەلایەك نەهێڵێت هەستی نەتەوایەتی ئەوانە لە ژێر کاریگەری شۆڕشی ئەودیوو بەپراتیك کێشە بۆ ئەو بخوڵقێنێو لەلایەکی تریشەوە سوپاکەی لە سنور ئامادەساز بێت بۆ هەر کردەوە یان کاردانەوەیەکی پێویست لە چاوپێکەوتنی محمد ڕەزا شا لەگەڵ محمد حسین هیکل، دانی بەوەدا ناوە کە ڕژێمی ئێران دەستی لە شۆڕشی کوردی عێراقدا نەبووە، بەڵام دەڵێت ئێمە قۆزتمانەوە[٢١].

باردۆخی کوردستان لەسەرتای دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولەوە تاکو کۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام لە شەروپێکداداندا بوو لە نێوان هەردوو بەرەی کوردو حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم تا لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ (عبدالسلام عارف) کودەتایەکی کردبەسەر عەبدولکەریم قاسم دا، بەمجۆرە بۆیەکەم جار بەعسییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست لە عێراقدا کوردەکانیش بە دوو وەزیر بەشداریان لە حکومەتەکەی ئەحمەد حەسەن بەکردا کرد[٢٢].

لەسەرەتاوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ بەعسو رازیش بوو بە پشتگیریکردنی کودەتاکە لەبەرامبەر بەلێنی پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد . ئەمەو چەندین

---

[٢٠] نازناز محمد عبدالقادر: س.پ، ل ١١٩-١٢٠ .

[٢١] ه . س، ل ١٢٧ .

[٢٢] بەرزانی مەلا تەها: س . پ، ل ١١٢ .

داواکاری تری بارزانی له حکومه‌ته تازه‌که‌ی به‌عس، هه‌رچه‌نده دانوستانه‌کان به‌رده‌وام بوون، به‌لاّم دوو دڵی به‌عسییه‌کان روون‌و ئاشکرا بوو، به‌رچه‌وه‌ندی راسته‌قینه‌ی به‌عس له‌وه‌دا بوو که دانوستان له‌گه‌ڵ ناسردا بکات بۆ هێنانه‌دی جۆره یه‌کێتیه‌ك له دوا رۆژدا . له‌گه‌ڵ سازش کردن له‌گه‌ڵ کورده‌کاندا. له ١٧ی نیسلنداو به‌شێوه‌یه‌کی مه‌بده‌ئی رێکه‌وتنێك له‌گه‌ڵ ناسردا به‌یه‌کگرتن له دوارۆژدا ئیمزا کرا . لێره به دواوه په‌یوه‌ندییه‌کان له‌گه‌ڵ کورده‌کاندا به‌خێرای به‌ره‌و تێکچوون چوون، دواتر جه‌نگ ده‌ستیپێکرده‌وه[٢٣] .

به‌هاتنی ساڵی ١٩٦٥ به‌شێوه‌یه‌کی دوور له گومانه‌وه بارزانی به به‌تواناترین هێز له‌ناو بزاه‌کاندا ده‌رکه‌وتن. ده‌سه‌لاّتی خۆی به‌سه‌ر زه‌وی‌و زارێکی زۆر فراواندا له باکور چه‌سپاندو ئیداره‌یه‌کی دیفاکتۆی کوردی بۆ خۆی دامه‌زراند، هه‌رچه‌نده ده‌سه‌لاّتی بارزانی نه‌گه‌یشته شاره‌گه‌وره‌کان، به‌لاّم به‌شێوه‌یه‌کی کرداری ده‌ستی به‌سه‌ر لادێکاندا گرت، یه‌کێك له ژێده‌ره‌کان وای مه‌زه‌نده‌کرد که‌بارزانی ده‌سه‌لاّتی به‌سه‌ر نزیکه‌ی (٣٥٠٠٠) کیلۆمه‌تری چوار گۆشه (١٣٥٠٠) میلی چوار گۆشه زه‌وی‌و یه‌ك ملیۆن دانیشتواندا هه‌بوو[٢٤] .

په‌یوه‌ندی نێوان کوردو حکومه‌ت به‌م چه‌شنه مایه‌وه تاوه‌کو ساڵی ١٩٧٠ له‌و ده‌مه‌دا ته‌نگه‌ژه‌ی ئابوری سه‌ری هه‌ڵداو له دیارترین فاکته‌ره‌کانی جه‌نگی دژ به کورد بوو که حکومه‌ت بۆ ئه‌و مه‌به‌سته نزیکه‌ی ٣٥ ملیۆن دیناری عێراقی خه‌رج کردبوو .له ١١ی مارس / ئاداری‌و دوای ده دانه ساڵ له جه‌نگی خوێناوی حکومه‌تی ناوه‌ند له عێراق‌و جولاّندنه‌وه‌ی چه‌کداریی کورد به سه‌رۆکایه‌تی مه‌لا مسته‌فای بارزانی گه‌یشتنه پرۆتۆکۆڵێکی گشتگیرو ئاشتیانه بۆ پرسی کورد، له گرنگترین خاڵه‌کانی ناو رێکه‌وتن نامه‌که دانپیيانانی فه‌رمی حکومه‌ت بوو به مافی کوردان ئه‌ویش به به‌خشینی ئۆتۆنۆمی به ناوچه کوردییه‌کان بۆ ماوه‌ی چوار ساڵ له ڕۆژی ڕێکه‌وتننامه‌که‌وه، واته له مارس /ئاداری ١٩٧٠ له ئاخرو ئۆخری ئه‌و چوار ساڵه‌دا که

---

[٢٣] فیبی مار: س . پ، ل ١٩٢.

[٢٤] هـ . س، ل ٢٠٨.

کوردان به هێمنیو به ئاشتی به سەریان برد، دووباره تەنگەژەکە سەری هەڵدایەوه، دیسان ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان چەکیان کردەوه شانو رایانگەیاند کە حکومەتی عێراق بیٚ وەعد دەرچوو لەهەمبەر بەڵێنەکەی، لە هەمانکاتیشدا دەسەلاٚتی ناوەندی مەلا مستەفاو پارتەکەی رێکەوتنامەکەیان شکانو بە هاوکاری کردنو پیلان گێری لەگەڵ بێگانەدا بەتایبەتی ئێران[٢٥].

دواتر حکومەتی عێراق بە پلان گێری خۆیو هەندیٚ لە کۆنە پەرستانی عەرەب وەك سەرۆکی جەزائیری ئەو کاتو بەهاوکاری محمد رەزاشای ئێرانو راوێژی راستەوخۆی (راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا هێنری کسینجەر) لە جەزائیر کۆبونەوەو شای ئێرانیان قەناعەت پێکرد بەپێدانی سیچ دوورگە لە کەنداودا لەبەرامبەر ئەمەدا لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا هاوکار بن بۆ لێدانی شۆڕشی کوردی، دواتر رێکەوتن نامەیەك لە ٦ی مارس/ئاداری ١٩٧٥ لە جەزائیر لە نێوان سەدام حسین کە ئەو کات جێگری سەرۆك بووو شای ئێران رێکەوتنێکی چاوەروانکراویان مۆرکرد . پەیمانیان دا کە کێشە هەیاند کە جولاٚنەوەی چەکداری کە هەڵپەسێراوەکانی نێوانیان بە رێگەی ئاشتی چارەسەر بکەن . دوای مۆرکردنی رێکەوتن نامەکە یەکسەر ئێران سەرجەم هاوکارییەکانی لە رووی سەربازیو ئازوخەوە لە کوردستانی عێراق راگرتو بە مەلا مستەفاشی راگەیاند کە چیتر لەمەو دوا لە رووی سیاسیەوە هاوکاری ناکاتو پێشی راگەیاند کە پێویستە لەگەڵ حکوموتی عێراق بگەنە رێکەوتنێك، دوای چەند کاتژمێرێك لە راگەیاندنی رێکەوتن نامەکەی جەزائیر مەلا مستەفای بارزانی رایگەیاند کە جولاندنەوەی چەکداری بۆ ماوەی پازدە ساڵ درێژەی کێشا هەرەسی هێناو داوای لە چەکدارەکانی کرد کە چەکەکانیان فرێبدەنو روو لە ئێران بــکەن[٢٦].

---

[٢٥] بەرزانی مەلا تەها: س . پ، ل ٢٤١.

[٢٦] ه . س، ل ٢٤٢-٢٤٣

## باسی دووەم - پێگەو ڕۆڵی حەمە ڕەشیدخانی بانە لە شۆڕشی ئەیلولدا:

شۆڕشی ئەیلول یەکێکە لە شۆڕشەکانی کورد لە پێناو هێنانە کایەی مافە ڕەواکانی کورد لە باشوری کوردستان بەرپاکرا . لەماوەی چواردە ساڵی تەمەنی خۆیدا توانی زۆرترین چەکدار لە خۆبگرێتو زۆرترین جەماوەر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو سۆزی گەلان بە لای خۆیدا رابکێشێتو رۆژنامەنوسان والێبکات کە شەیدای دوا هەواڵەکانی بن[1] .

ئەم شۆڕشە لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ زاینی هەڵگیرسا . کە ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆییو دەرەکی هەڵگیرسا دژی حکومەتە تاك رەوەکەی عەبدولکەریم قاسم[2] .

وەکو لە پێشتردا باسمانکرد هۆزەکانی کوردستان لە ١١ی ئەیلولدا دژی ڕژێمی قاسم چەکیان هەڵگرت ، چونکە لەسەرەتای مانگی ئەیلولەوە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم هێرشی توندیان کردە سەر کوردستانو ناوچەکانی دەربەندیخانو بازیانیان تۆپ بارانکرد . بۆ ئەم مەبەستە (مستەفا بارزانی نەمر)و سەرکردایەتی پارتی داوایان لەسەرجەم هۆزو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد بەرپەرچی دەسەڵاتدارانی حکومەت بدەنەوەو و هەوڵی ئازادکردنی ناوچەکانیان بدەنو پشتیوانیو هاوکاری خریان بۆ پارتی دووپات بکەنەوە . ئەوەبوو لە ناوچەی سلێمانی داوا لە کرمەڵانی خەڵكو هۆزەکانی ناوچەکە کرا پەلاماری ناوچەی دەربەندیخان بدەن[3] .

---

(1) سەروەر عبدالرحمن: هەرەسی شۆرشی ئەیلول1975 ، گۆڤاری ریبازی نویٚ، ژمارە ٤١، ساڵی ٢٠٠٦، ل٥ .

(2) مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد، بەرگی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، ل٢١

(3) عەبدوڵڵا ئەحمەد رەسول پشدەری: بەشی دووەم لە یاداشتەکانی، شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ دژی رژێمی قاسم، س.پ، ل١٩-٢٠

لەم نێوەندەشدا حمە ڕەشیدخانی بانە یەکێك بوو لەو کەسایەتیانەی کەچووە پاڵ شۆڕش ئەویش دوای ئەوەی بریاری سەرکردایەتی پارتی پێڕاگەیەنرا، بەڵێنیشیدا هاوبەشی شۆڕش بکاتو لەگەڵ شۆڕشی کوردا بێت بەسەرکردایەتی (مستەفا بارزانی نەمر)و هەرچی بۆ بکرێت بەخۆیو عەشەرەتەکەیەوە هاوکاری شۆڕش بکات. زۆریش نیگەران بوو لە یەکێتی کورد، ئاواتی بوو کورد رزگاری بێت، بۆیە هەر هەوڵێك هەبوایە بۆ شۆڕشو سەربەخۆبوونی کورد حەمە رەشید خان هاوکاریدەکرد بەهەمان ئامانجیش بەشداری لە شۆڕشی ئەیلولدا کرد[4].

حەمە رەشید خان پەیوەندییەکی لەپێشینەی هەبوو لەگەڵ مستەفا بارزانی داو پەیوەندیەکی باشو پتەو بوو، هەربۆیە کاتێکیش ناکۆکی ئەکەوتە نێوان باڵی سەرکردایەتی پارتیو مستەفا بارزانیەوە هەوڵی چارەسەرکردنو ریشەکێشکردنی ئەم ناکۆکییەی دەداو هەرچەندە سەرکەوتوو نەبوو لەم هەوڵەیدا، چونکە مستەفا بارزانی بریاری لە ناوبردنی باڵی سەرکردایەتی دا[5].

لێرەوە شۆڕشی ئەیلول بووە سێیەمین خەباتی چەکداری وێستگەی تەمەنی، بۆ ئەو هەلۆێستەش دۆڵی شلێری لە ناوچەی پێنجوێن کردە بنکەی پشتیوانی ئەو شۆڕشە[6].

ئەمەو دوای گەیشتنی هێزی ناوچەی پێنجوێنیش بۆ ناو شەرەکە لە ژێر سەرکردایەتی حەمە رەشید خان و چوونە پاڵ هێزی هۆزەکان . دواتر شەر لە چیای زمناکۆ دەستی پێکرد . سەرەتاش هێزەکە لە چیای زمناکۆ هەوڵی هەوڵیدا لەپاڵ هۆزەکانی ناوچەی گەرمیانو هەلەبجەو هەورامانو هۆزی جاف[7]، دەست بەسەر بەنداوی دەربەندیخاندا بگرن[8].

---

[4] چاوپێکەوتنی پێشوو لەگەڵ مەلا ئەحمەدی پێنجوێن

[5] چاوپێکەوتنی پێشوو لەگەڵ کەریم زەند

[6] د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: حەمە رەشید خانی بانە، س. پ، لا ١٦٣

[7] عەبدوللا ئەحمەد رەسول پشدەری: بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، شۆرشی ئەیلول ساڵی ١٩٦١ دژی رژێمی قاسم، س.پ، ل ٢٣-٢٤

بەڵام دوای شەڕێکی قورسی هێزەکانی کورد نەیان توانی شاری دەربەندیخان ئازاد بکەن‌و دەست بەسەر بەنداوەکەدا بگرن‌و دواجار بەهۆی شاڵاوێکی گەورەی حکومەتەوە لەسەر بڕیاری (مستەفا بارزانی) سەرجەم هێزەکان گەڕێنرانەوە شوێنەکانی خۆیان . هێزەکەی حەمە رەشید خانیش گەڕێنرایەوە بۆ ناوچەی پێنجوێن، ئەمەش یەکەمین بەشداری حەمە رەشید خان بوو لە شۆڕشی ئەیلولدا[9].

لەو شەڕەشدا چەکدارێکی هێزەکەی حەمە رەشید خان بەناوی (مستەفا محمد شەریف) شەهید بوو کە خەڵکی گوندی (سوراو) بوو . کەئەمەش یەکەم شەهیدی شۆڕشی ئەیلول بوو لە سنوری دەربەندیخان‌و دەوروبەری[10].

دواتر هێزی کورد رووپانکردە ناوچەی پێنجوێن ژمارەی پێشمەرگە چەکدارەکان گەیشتە (٧٠٠–٨٠٠) کەس . بەرەو ناوچەی پێنجوێن بەرێکەوتن لەترشی فرۆکەکانی میری زیاتر هەر بەشەو ئەرۆشتن کەبەرۆژیش ئەکەوتنە رێ زۆر خۆیان ئەپاراست لەوەی کەوا نەکەونە ژێر ئاگربارانی فرۆکەکانی میری، ئەوەبوو بە ماوەی چوار رۆژ گەیشتنە گوندی (دارۆخان)و ماڵی حەمە رەشیدخان دواتر لەشکرەکە دابەشکرا بەسەر چەند گوندێکدا، (مام جەلالیش) کە دەوری سەرکردایەتی تەواوی هەبوو چ سیاسی چ عەسکەری بۆ هەموو ناوچەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی‌و کەرکوك لەگەڵ (٧٠–٨٠) چەکدار مانەوە لە ماڵی خان‌و تا سێ رۆژ لەوێ بوون کە

---

[8] میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤–١٩٥٨، سلێمانی، چاپخانەی نییە، چاپی دووەم، ٢٠٠٠، بەشی یەکەم، ل ٢٩ .

[9] د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: حەمە رەشید خانی بانە، س.پ، ل ١٦٦

[10] چاپێکەوتنی پێشوو لەگەڵ مەلا ئەحمەدی پێنجوێن .

**زۆر خزمەتی کردن[11]، (تەلیعە)خانی خێزانی حەمە رەشید خان باسی ئەوە دەکات کە کاتژمێر ١٢ی شەوبوو (مام جەلال) لەگەڵ هێزەکان هاتنە ماڵی خان[12].**

**لەم بارەیەوە (مام جەلال) لە بابەتێکدا بەناوی (لە یادی دۆستی دێرینمان خوا لێخۆشبوو مەجیدخان)دا کەلە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بلاوکردۆتەوە بەم جۆرە گەیشتنی خۆی بە گوندی (دارۆخان)و پێشوازیو پشتیوانیکردنی بۆ شۆڕش لەلایەن حەمە رەشید خانەوە بەم جۆرە دەگێرێتەوە: دوای ئەوەی بە کەڵك وەرگرتن لە کەشو هەوای سەرکەوتووی پێشمەرگەکانو مەعنەویاتی بەرایی خەڵكو ورەی پێشمەرگە رووماں کردە ناوچەی پێنجوێن بۆ رزگارکردنی لەوێ دەبوایە هێزی عەشایەرو پیاو ماقوڵان رابکێشین بەلای خۆماندا کلیلی سەرکەوتنیش لە گیرفانی خوا لێخۆشبوو حەمە رەشیدخاندا بوو کەلە جموریەتی کوردستانی مهابایشدا روتبەی ژەنەراڵی پێبەخشرابوو، شان بە شانی شەهید سەیفی قازیو خوالێخۆشبوو ژەنرەراڵ مستەفا بارزانیو عمر خانی شکاك، بۆ رازیکردنی حەمەرەشید حەمە رەشید خانیش پێویستمان بە رازیکردنی خوالێخۆشبوو مەجیدخانی کوری هەبوو کە لێپسراوی پارتی بوو لە سلێمانی لە ساڵی (١٩٦٠-١٩٦١)دا چەندجارێك خوا لێخۆشبوو مەجیدخانم دیبوو، مەجیدخان پیاوێکی ژیرو ماقوڵو قسەزانو رووخۆش بوو هەستی کوردایەتی لە دڵو دەرونیدا دەیجولاند . من توانیم زوو ببمە دۆستیو لەگەڵیدا نێولنمان زۆر خۆشبوو، بۆیە پەنام بردە بەری بۆ رازیکردنی خانو پیاوماقولانی تری ناوچەکەش . ئەویش لەوەلامی راسپاردەی مندا پلانێکی بۆ پێشنیار کردبووم لەگەشتەکەماندا بۆ ناوچەی پێنجوێن سەردانی پیاو ماقولانو خان بکەم . ئەرکی رازیکردنی خانیشی خستبووە ئەستۆی خۆی، بۆیە ئێمەش بە**

---

[11] **عەبدوللا ئەحمەد رەسول پشدەری: بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ دژی رژێمی قاسم، س.پ، ل٢٤.**

[12] **هیجرەت محمد رەشید: س.پ، ل ٤٣**

دڵنیاییەوە بەرێکەوتین بەرەو ناوچەی پێنجوێن، شەهیدی نەمر مەلا رەسوڵ‌و چەندین کادیری پێشمەرگانەی ترم لەگەڵدا بوون[13].

مام جەلال لە درێژەی باسەکەیدا دەنوسێت: ئەوسا بەپێ دەرۆشتین نە ئۆتۆمۆبیلمان هەبوو وەزعی مالیشمان زۆر خراپ بوو، جلمان شربوو، زۆریش پێلاو شرو پێلاو دراو بووین، من خۆم پێلاوەکەم درابوو، ژێرەکەی داپچرابوو بە پەت بەستبوومەوە، لەوەش ئەو کەڵکەم وەرگرت کە پێشمەرگەی پێ هێورکەمەوە هەرکاتێك پێشمەرگەیەکی پێلاو شر دەهات‌و پارەمان نەبوو پێلاوی بۆ بکرین بەوەدلم دەدایەوەو دەم وت وەرە پێلاوەکانمان بگۆرینەوە !! ئەویش کە پێلاوە شرەکەی دەدی رازی دەبوو ، بەلاٚم هەروا بێ جل‌و پێلاو نەماینەوە، کە نزیك بووینەوە لە دێیەکەی خوالێخۆشبوو حەمە رەشیدخان، خوالێخۆشبوو مەجیدخان بە پیرمانەوە هاتبوو زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردین‌و رێنوینی کردین هەتا ناو دێ‌و لەوێش بۆ دیوەخانی حەمە رەشیدخانی خوالێخۆشبوو. رۆژەکەی باران بوو، هەمووومان تەربوو بووین، منیش یەکێك بووم لەوانە سەبارەت بە شری پێلاومان هەموو پینەکانمان قوراوی بوو بوون بۆیە کە خان لە دیوەخان هاتە دەرەوەو پێشوازی لێکردین‌و پاشان دەستی منی گرت‌و بەرامبەر ژووری دیوەخانەکەی کە مافوری فەرشی نایابی ئێرانی تێدا راخرابوو، من رووم نەدەهات بەو تەری‌و پێ قوراوییەوە بچمە ژورەوە، بۆیە داوای لێبوردنم لە خان کرد کە رێگەمان بدات بچینە مزگەوت قاچمان بشۆین‌و خۆمان وشك بکەینەوەو دواتر بێینەوە، بەلام حەمە رەشید خان رازی نەبووو ئەمیری کرد کە مەسینە ئامادە بکەن‌و قاچمان شۆری‌و ئێمەی ناچار کرد بچینە دیوەخانە گەرم‌و رازاوەکەیەوە. لەویش هەم خۆمان وشك کردەوەو هەم ئیسراحەتمان کرد، مەجیدخانی خوالێخۆشبوو هەر لەدەرەوەی دێیەکەیانەوە کە ئێمەی بەو شێوەیە دیبوو، سوارێکی ناردبوو بۆ پێمجوێن لەوێ پتر لە (١٥٠) پێلاوی بۆمان کردبوو شەو پێمان گەیشت‌و بەسەرماندا دابەشکران، خانیش منی خەلاٚت کردو شاڵێکی باشی کوردی‌و دەستیکێشێك‌و

---

[13] جەلالطاڵەبانی: لە یادی دۆستی دێرینمان خوالێخۆشبوو مەجید خاندا، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٢٠٨٣، رۆژی سێ شەمە، بەرواری ٢٦-٢-٢٠٠٠ زاینی، لا ١ .

قەمسەڵەیەکی پێدامو لە دیوەخانەکەیدا خزمەتێکی باشی کردینو خواردنێکی شاهەنەیان بۆ هێنایەنو چەندین جۆری پێڵاو دواتر لە کاتی نانخواردندا گۆشتو شلەی کوردیو ئێرانی سازکرا بوو، منیش کورانم هاندا کە لە ماڵی خاندا وەك ماڵی خۆمان هەڵسوکەوت بکەینو شەرم نەکەین. خان زۆر رێزی لێگرتینو پێی راگەیاندین کە ئەنۆر بەگی کوری بە دەیان چەکدارەوە ئامادە کراوە بۆ هاوکاۆیکۆدنمان، راشی گەیاندووە هەرچی سەرۆكو پیاو ماقوڵێك خۆی بە کورد بزانێت دەبێت هاوکاریمان بکات . دوای نان خواردن بەجێی هێشتین تا بحەسێینەوە، بەڵام مەجیدخانی دۆستم مایەوەو مژدەی پێدام کە هەموو ئەرکەکانی خۆی بەدی هێناوەو چەند چەکدارێکی عەشایەری ئامادە کردووە بۆ بەشداریکردن لەگەلمان بۆ ئازادکردنی پێنجوێن[14].

بەمەش حەمە رەشیدخان رۆڵی گێراوە لە بوژاندنەوەی هێزەکەی مام جەلالو هاوکاریکردنی بۆ شۆڕشی ئەیلول . هەوڵەکەی مام جەلال سەرکەوتنی بەدەست هێناو بەوەی حەمە رەشیدخان هێزێکی (٢٨٠) چەکداری ئامادەکرد، تا لە دۆڵی شلێرەوە بگەنە شاری پێنجوێنو بە هاوکاری هێزەکەی مام جلال گەمارۆی شارەکە بدەن . دواتر پەیوەندی بەرپرسانی شارەکەو لە نێوانیشیاندا (معاون کەمال شێخ غەریب)ی بەڕێوبەری پولیسی قەزای پێنجوێن کرا، تا خۆیان بدەن بەدەست شۆڕشەوە لەبەرامبەردا جگەلە حەمە رەشید خان نەبێت، حەمە رەشید خانیش بەخۆیو هێزێکی ترەوە بەرەو دەروازەی شارەکە بەرێکەوتنو (معاون کەمال)ی لیّ ئاگادار کرا. لە وەلامدا مەعاون کەمال داوای یەك هەفتە مۆلەتی کرد، بەڵام ئەو ماوەیە بۆ سێ هەفتە درێژ کرایەوە[15].

---

[14] جەلال‌طاڵەبانی: س . پ، ل ٢٩١ ڵەبانی

[15] د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: حەمە رەشید خانی بانە، س.پ، ل ١٦٩

سەرەنجام پاش گەمارۆیەکی قورس‌و خۆبەدەستەوەدانی معاون کەمال لە (٢٤ی مایسی ١٩٦٢)دا شاری پێنجوێن لەسەر دەستی حەمە رەشیدخانی بانە ئازاد کراو هێزی پێشمەرگەی شۆڕش چوونە ناو شارەکەوە[16].

دەستیان بەسەر تەواوی شارەکەدا گرت‌و بری (١١) هەزار دینارو (٦) هەزار فیشەك‌و (٦) رەشاش دەستکەوتی شۆڕش بوو . ئەمە جگەلە بەدیلگیرانی (١٧٢) پۆلیس، ئازادکردنی پێنجوێن درێژەی کێشا، بەڵکو بۆ رۆژی دواتر بەهۆی هێزێکی گەورەی سوپای عێراق کەلە سێ فەوج پێك هاتبوون بە رێگەیەکی چەپدا گەیشتنەوە ناو شارو دوای ئەوەی (١٥٠) کوژراوو (٧٠) بریندارياندا شارەکەیان گرتەوە[17].

بەمەش دەگەین بەوەی کە کۆتا ساڵەکانی تەمەنی حەمە رەشید خان کە دەکاتە سێیەمین قۆناغی چەکداری ئەو کەسایەتیە ساڵانێکی کاریگەر بوو لە شۆڕشی ئەیلولدا . کە تێیدا بە خۆی‌و عەشرەتەکەیەوە دۆڵی شلێرو ناوچەی پێنجوێنیان کردبووە بنکەیەکی سەربازی بۆ پشتیوانی شۆڕش‌و هێزی شۆڕشگێری کوردی[18].

---

[16] هیجرەت محمد رەشید: س.پ، ل ٤٥

[17] میرزا محمد ئەمین مەنگوری: س.پ، ل ٤٣

[18] هیجرەت محمد رەشید: س.پ، ل٤٥

# دەرئـــــەنجام

- حەمە رەشیدخانی بانە کوڕی قادرخانی کوڕی عەبدولاّ بەگە، کە یەکێکە لە نەوەکانی بەگزادەکانی شاری بانە لە ساڵی ١٨٨٩ز لە دایکبووە، ئەم کەسایەتیە خاوەنی موڵکێکی زۆر بووەو و نزیکی ١٥ گوند لە ژێر دەسەڵاتیدا بووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٠٤-١٩٤٤ زایندا ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕزگارکردنی چەندین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بینیوە، وەکو (بانەو سەقزو بۆکان و مەریوان).

- کاتێك کۆماری مهاباد دروستبوو، حەمە ڕەشید خان یەکێك بوو لەو کەسە دیارانەی پەیوەندی بەکۆمارەوە کرد، یەکێکیش لەو چوار ئەفسەرەبوو کە دواتر پلەی جەنراڵیان پێبەخشرا، بەلاّم دواتر ناکۆکی دەکەوێتە نێوان حەمە ڕەشید خان و قازی محەمەدەوە، کۆماری جێهێشت ، بێگومان ئەمەش کاریگەریی لەسەر کۆمار هەبوو، دواتر حەمە رەشید خان دوورخرایەوە بۆ چەندین ناوچە لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٦-١٩٥٨، تاوەکو دوای شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کە حکومەتی تازەی عێراق لێبوردنی گشتی دەرکرد.

- دوای چەند ساڵێك لە ئازادبوونی حەمە ڕەشید خان شۆڕشێکی نوێ سەرهەڵیدا، کە دواتر بە شۆرشی ئەیلول ناسراو لە ماوەیەکی کەمدا ئەم شۆرشە توانی جەماوەرو چەکدارێکی زۆر لە خۆی کۆبکاتەوە.

- حەمە رەشید خان بەشداری لە شۆرشی ئەیلولدا کردووەو توانیویەتی هاوکارێکی باش بێت بۆ ئەم شۆرشە لە زۆر رووەوە وەکو هاوکاری خۆی نیشان داوە لە رووی سەربازی و ئابوریشەوە، خۆشی بەشداریکردووە لەشۆرشکەداو ئەمەو جگەلەوەی لە ماڵەکەشیدا پێشوازی لە کاروانی پێشمەرگەکانی شۆرش کردووە.

# سەرچاوەكان

**یەكەم – سەرچاوە كوردییەكان:**


١. ابراهیم خەلیل احمدو خلیل علی موراد: ئێران‌و توركیا، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر ،چاپی چوارەم، ٢٠١٢

٢. ئەحمەد شریف: (برایم ئەحمد، ژیان‌و بەهرەو داهێنانی)، سلێمانی، چاپخانەی(ڕۆژهەلآت)، چاپی یەكەم، ٢٠٠٢

٣. ئەحمەد مەحمود علی: مێژووی كورد لە سەدو دوازدە ساڵدا، سلێمانی، چاپخانەی (لەریا) ، چاپی یەكەم، ٢٠١٣.

٤. بەرزانی مەلا تەها: كورد گەلی خۆخۆری بەش خوراو – چەند لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی شیكارییە، سلێمانی، چاپخانەی (سایە) ، چاپی یەكەم، ٢٠٠٩.

٥. بەڵگەنامە: پارتی دیموكراتی كوردستان لە چەندین بەڵگەنامەیی مێژوویدا ١٩٦٤–١٩٧٠، كۆكردنەوەی: شازێن هێرش‌و نزار محمد، سلێمانی، چاپخانەی نییە ، چاپی یەكەم، ٢٠٠٣،

٦. حامد الحمدانی: چەند لاپەرەیەك دەربارەی مێژووی نوێی عێراق، وەرگێرانی: شەماڵ احمد، سلێمانی، چاپخانەی(چوار چرا ) ، چاپی یەكەم، ٢٠١٢.

٧. خەبات عەبدوڵا: كوردو ئەوانی دیكە، سلێمانی، چاپخانەی نییە، چاپی یەكەم، ٢٠١٠

٨. سەعید ناكام : بیرەوەرییەكانی سەعید ناكام،دەزگای‌چاپ و بڵاوكرنەوەی ئاراس ، چاپی یەكەم، هەولێر .٢٠٠٣

٩. سۆران كریم مستەفا: بەعسیزم‌و كورد، سلێمانی،دەزگای‌چاپ و پەخشی حەمدی ، چاپی یەكەم، ٢٠٠٥

١٠. شێركۆ فەتحولا علی: پارتی دیموكراتی كوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی كورد لە عێراقدا ١٩٤٦-١٩٧٥، وەرگێڕانی: سوارە قەلاَدزێی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، چاپی یەكەم، ٢٠١٣ .

١١. عەبدوڵا ئەحمەد رەسوڵ پشدەری: یاداشتەكانم، بەشی یەكەم، بغداد، چاپخانەی نییە، چاپی یەكەم، ١٩٩٢

١٢. عەبدوڵا ئەحمەد رەسوڵ پشدەری: یاداشتەكانم، بەشی دووەم، چاپخانەی نییە ، هەولێر، چاپی یەكەم، ١٩٩٧.

١٣. عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی كوردی، سلێمانی، چاپخانەی (ڕەنج) ، چاپی یەكەم، ٢٠٠٧

١٤. عەلائەدین سەجادی: شۆرشەكانی كورد بۆ كوردو كۆماری عێراق، ئامادەكردن و لە چاپدانەوەی: ئەحمەد محەمەدی،چاپخانەی (ئەتلەس چاپ -تاران) ، چاپی یەكەم، ٢٠٠٥

١٥. عەقید عبدالكریم حەوێزی: گەشتێك بە كۆماری مهاباددا، بیرەوەرییەكانم لە ڕۆژهەلاَتی كوردستاندا (١٩٤٤-١٩٤٧)، هەولێر،چاپخانەی ئاراس، چاپی یەكەم، ٢٠٠١

١٦. عزالدین مەلا مستەفا: بەشێك لە چیرۆكی داستانەكانی شۆرشی ئەیلول بۆ مێژوو، چاپی سلێمانی، چاپخانەی نییە ، یەكەم، ٢٠٠٦

١٧. فیبی مار: مێژووی نوێی عێراق : وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە، حەمە شەریف حەمە غەریب و شێركۆ ئەحمەد حەوێز، هەولێر، چاپخانەی نییە ، چاپی یەكەم، ٢٠١١.

١٨. كریم زەند: (خەرمان-شارا) گۆڤاری وەتەن، هەرێمی كوردستانی عێراق -سلێمانی، چاپخانەی (بەدرخان )، چاپی یەكەم، ٢٠٠٣

١٩. كەمال مەزهەر: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی كورد ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠١

٢٠. کەیوان ئازاد ئەنوەر: حەمە رەشیدخانی بانە، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان ، چاپی دووەم،سلێمانی ، ٢٠١٤
٢١. کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی حەوتەم، ٢٠١٣
٢٢. کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست، وەرگێڕانی: حەمە کریم عارف، هەولێر، چاپخانەی (ڕۆژهەلات) ، چاپی شەشەم، ٢٠١١.
٢٣. مەسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد (١٩٥٨-١٩٦١)، بەرگی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ٢٠١٢
٢٤. مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد، بەرگی چوارەم،چاپخانەی وە زارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢
٢٥. مەسعود بارزانی: بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆرشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٤، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.
٢٦. مەلا خالیدی فەریزی: پوختەیەك لە مێژووی کورد لە سەرەتاوە تا ئێستا، هەولێر، چاپخانەی نییە ،چاپی یەکەم، ٢٠٠٥
٢٧. مەهدی محمد قادر: پێشتهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سلێمانی، چاپخانەی نییە ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.
٢٨. محمد رووف تەوەکولی: مێژووی بانەو دەسەلاتی یۆنسخان، وەرگێرانی: حەمە ڕەشید حەسەن مێشەرۆیی، سلێمانی، چاپخانەی نییە ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠
٢٩. محمد زازا: عێراق – پارتو رێکخستنەکان لە ١٩٠٨-٢٠٠٥، وەرگێرانی: ئامانج نعمەت، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی یەکەم،٢٠٠٨
٣٠. میرزا محمد ئەمین مەنگوری : بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ وە هەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەم ، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، چاپی دووەم،٢٠٠٠

٣١. نازەنین محمد وەهبی و عەتا عەبدولاّ مەعروف و دارا محمد عەبدولاّ: مێژووی نوێ و هاوچەرخ ، چاپخانەی مستەقبل ، لوبنان، چاپی چوارەم، ٢٠٠٥

٣٢. نازناز محمد عبدالقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەییی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٠٦-١٩٧٥، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٠.

٣٣. نەوشیروان مستەفا: بەدەم رێگاوە گوڵ چنین، کتێبی دووەم، بەیروت-لوبنان، چاپی یەکەم.

٣٤. نیسان حەسەن رۆستەم : کوردو دەسەلاّتە یەك لە دوای یەکەکانی عێرا ١٩١٦-١٩٦٨، سلێمانی، چاپخانەی (چوار چرا) ، چاپی یەکەم، ٢٠١٧.

٣٥. هاشم سەلیمی: پێشەوای رابوون و بیرەوەرییەکانی سعید هومایۆن، وەرگێڕانی: رسول سوڵتانی، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧ .

٣٦. هاوڕێ باخەوان: نامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، چاپخانەی نییە ،سلێمانی، چاپی یەکەم، ١٩٩٩.

٣٧. هیجرەت محمد ڕەشید: حەمە ڕەشیدخانی بانەو ڕۆڵی لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردیدا، تویێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسی یە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، ٢٠٠٩-٢٠١٠.

٣٨. واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەی کوردو حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨)، سلێمانی، چاپخانەی(چوار چرا) ،چاپی یەکەم، ٢٠٠٦

٣٩. یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جولاّنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەی گەلی کورد (١٩٣٩-١٩٧٩)یە،چاپخانەی(سیما)، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣.

**دووەم – سەرچاوە عەرەبییەکان:**

٤٠. ديفد ماكدوال: الكورد شعب انكر عليه وجوده، ترجمة: عبدالسلام النقشبندی، اربيل، الطبعة الاولى، ٢٠١٢

**سێیەم – گۆڤارو ڕۆژنامەکان:**

٤١. موحسین خالیدی: ڕوانینێك بۆ کوردستانی (بانە)، گۆڤاری سروە، ژمارە ١١٧

٤٢. سەروەر عبدالرحمن: هەرەسی شۆرشی ئەیلول1975 ، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە ٤١، لاپەڕە ٥،٢٠٠٦

٤٣. سەعید ناکام: سلاو لە یانزەی ئەیلول، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٤، ساڵی ١٩٧١.

٤٤. مام جەلال: لە یادی دۆستی دێرینمان خوالێخۆشبوو مەجید خاندا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٢٠٨٣، ڕۆژی سێ شەمە، ٢٦-٢-٢٠٠٠ .

**چوارەم – چاوپێکەوتنەکان:**

٤٥. چاوپێکەوتنی (مەلا ئەحمەدی پێنجوێن) ڕۆژی دوو شەمە بەرواری ٢٠-٢-٢٠١٧، ماڵەکەی خۆی لە سلێمانی

٤٦. چاوپێکەوتنی (کەریم زەند)، ڕۆژی یەك شەمە، بەرواری ٥-٢-٢٠١٧، سلێمانی، ماڵەکەی خۆی.